کتێبی گیرفان
(٨)

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com

تەقی ئەلدەباغ

# پێشەکییەک دەربارەی شوێنەوارناسی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

و: سەباح پیربال قەساب

هەولێر
٢٠٠٥

وەزارەتی رۆشنبیری
زنجیرەی کتێبی گیرفان
ژمارە (٨)

# پێشەکییەك لەبارەی شوێنەوارناسی

دانانی دکتۆر تقی الدباغ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
سەباح پیربالْ قەساب

هەولێر - ٢٠٠٥

خاوەنی ئیمتیاز:

**وەزیری رۆشنبیری: سامی شۆڕش**

سەرنووسەر

**محەمەد باوەکر**

سکرتێری نووسین

**بورهان ئیبراهیم یەعقوب**

اوی کتێب: پێشەکییەك لەبارەی شوێنەوارناسی

نجیرەی: (٨)

ووسەر: د. تقی الدباغ

ەرگێڕ: سەباح پیربالّ

بتچنین و نەخشەسازی: سەید ئارام

راژ: ٥٠٠ دانە

اپخانە: رۆشنبیری

مارەی سپاردن: ٤٢١/ سالّی ٢٠٠٥

ەولێر: ٢٠٠٥

# دەسپێك

پەرتووکخانەی کوردی پێویستییەکی زۆری بە سەرچاوەو لێکۆڵینەوە هەیە سەبارەت بە زۆربەی زانستەکان، زانستی ئەرکیۆلۆجیا (شوێنەوارناسی) یەکێکە لەو زانستانەی لەلایەن ئێمەی کوردەوە وەك خوێندنێکی ئەکادیمی تازە بابەتەو بەکارهێنانی بە مەبەستی سوود وەرگرتن بۆ زیادکردنی رۆشنبیری یان بۆ مەبەستی مەشقو فێربوون بۆ گەڕان بەدوای شوێنەوارەکانمان، بە جیاوازی کردن لەگەڵ نەتەوەکانی تر دەکرێت بڵێین ئێمە لە ئێستاوە تازە خەریکە دەست پێ دەکەین .

ئــەوەی هانــدەرم بــوو بــۆ وەرگێڕانــی ئــەم پەرتووکــە(مقدمــە فی علــم الاپــار) لــە نووســینی (دکتــۆر تقــی الــدباغ)، ســازانی کچــم لــە بەشــی شــوێنەوار قوتــابی بــوو، هەســتم دەکــرد وەك کچــە کــوردێکی قوتــابی لــەم بەشــە لــە تێگەیشــتنی بابەتــەکان گیروگرفتــی هــەبوو و هــەردەم پێویســتی بــە وەرگێــڕان هــەبوو، ناچــار یارمــەتیم دەدا پاشــان بــیرم لــەوە کــردەوە کــە وەرگێڕانەکــە چــاپ بکــەم بــۆ ئــەوەی هــەموو قوتابیــانی ئــەم بەشــەو رۆشــنبیران ســوودی لێ وەربگــرن و کەلــەنێکیش لــە کتێبخانــەی کــوردی پــڕ بکاتــەوە. بــەڵام بەشــی کۆتــایی کتێبەکــە ســەبارەت بــە (ڕێگاکــانی هــەڵکۆڵین) لەچــاپدانیم دواخســت بــۆ ئــەوەی ببێتــە بەشــێکی تــر لــە زنجــیرەی وەرگێڕانەکــەم و پاشــانیش هەنــدێك راو ســەرنجی خۆمــان دەربــارەی شــوێنەوارەکانمانی بخەمــە

سەر. پەنا بە خوا لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەویش دەخرێتە بەردەست.

وەرگێڕ

# پێشەکی وەرگێڕ



مێژوونووسی بەناوبانگ (تۆینبی) دەڵێت:

دۆڵی دوو رووباری (دیجلەو فورات) خاوەنی شارستانییەتێکی رەسەنە، چونکە لەو جۆرە شارستانیەتانەیە کە لە شارستانیەتێکی پێش خۆی پێک نەهاتووە، بەڵکو هەر لە چاخەکانی پێش مێژووەوە دامەزراوەو پەرەی سەندووە.) بێگومان کە باس لە دۆڵی دوو ناوان دەکرێت،

مەبەست هەموو خاکی عێراقەو کوردستانیش بەشێکە لەم ولاتەی کە لەهەمان کاتو شوێندا هەمان شارستانییەتی بەخۆیەوە دیوەو یەکێکە لەو ناوچە دێرینانەی کە بە لانەی ژیانو مرۆڤی کۆنو شارستانییەتی کۆن دەژمێردرێت، بەلگەش لەسەر ئەمە زۆرە وەك ئەشکەوتو شارە کشتوکاڵییەکانو شوێنەوارەکانی کوردستان کە دەتوانرێت لە پەرتووکەکانی ژیانی شارستانیو مێژووی کۆنی کورد بخوێنرێتەوە.

کەواتە بۆ مەبەستی زانینو شارەزابوون بەم مێژووەو شارستانییەتە کۆنە بە رەگو ریشەیە پێویست بەوە دەکات کە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی خوێندنی مێژوو، بەلام خوێنەر ئەمرۆ پێویستی بەوە هەیە کە لەگەل خوێندنەوەی مێژوودا بەلگەی بەرجەستەی

هەبێت کە پاڵپشتی ڕەسەنایەتی ئەم مێژووە دەکات.

هەر لەبەر ئەوەش پێویستە مرۆڤو ڕۆشنبیری کورد لەو چاخەی ئێستاداو بۆ زانینو زیادکردنی ڕۆشنبیری مێژوویی‌و شانازی کردن بەو مێژووەی کە هەمانەو مێژووی خەڵکی تر نییەو بە پلانی زەوتکردنو دزینی مێژوو دروست نەکراوە، دەبێت ڕۆڵەکانی خۆمانو دوارۆژمان ئاشنا بکەین بەو مێژووە، ئەمەش لە ڕێگای فێربوونی زانستی گەڕان بەدوای شوێنەوار واتە دۆزینەوەو لیکۆڵینەوەی ئەرکیۆلۆجی بە ئەنجام بگەیەنینو ماناو ڕێگاکانی‌و هەموو زانیارییەکانی بە شێوەیەکی زانستی فێر بین بە تایبەتی قوتابیانی بەشی شوێنەوار لە زانکۆدا.هەر لێرەشەوە بانگەوازی ئەوە دەکەم

کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی راستەوخۆ هەموو جۆرە یارمەتییەکی پێویستو گرنگییەکی تەواو بەم بابەتە بداتو پاڵپشتی خۆی بنوێنێ، بۆ ئەوەی وەك نەتەوەکانی تر مێژووی خۆمان بدۆزینەوەو پارێزگاری بکەین، چونکە ئەگەر مێژووی کۆنی خۆمان نەزانین، لە ئێستامانو دوارۆژمان ناگەین.

## ٨

زانستی شوێنەوار:

شوێنەوار ناسی (وەك زانستێك) بەگشتی گرنگی دەدات بە ناسینەوەی شارستانیەتە کۆنەکان دەتوانێت رێگا هونەرییەکانی خۆی بەکار بهێنێت بۆ مەبەستی گەران بە دوای پاشماوەی چاخەکانی ناوەراستو نوێ.

پرۆگـرامو بەرنامـەی زانسـتی شـوێنەوار لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا پشـت دەبەسـتێت بـە گـەڕان بـە دوای ئـەو پاشماوانـەی کـە مرۆڤـی کـۆن بـە خـۆی دروسـتی کـردوون، سـەرەڕای هـەموو ئـەو شـتانەی کـە بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بەم مرۆڤەوە هەیە.

لەگـەڵ ئـەوەی کـە رێکـەوتنێکی گشـتی لـە نێـوان پشـکنەرەکاندا هەیـە سـەبارەت بـە سروشـتی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، پشـکنەرەکان لـە نـاو خۆیانـدا لەسـەر دیـارکردنی سـنووری کـات کـۆك نـین، هەنـدێکیان وادەزانـن شوێنەوارناسـی هـەموو چـاخە بەردینـەکانی بـەر لـە مێـژوو دەگرێتـە خـۆی، هـەر لـە فێربـوونی پیشەسـازیو دروسـت کردنی ئامێرو کەلوپەلەکاندا.

لەبـەر ئەمـە بـەڕای خـاوەنی ئـەم بۆچـوونە، یارمـەتی نێـوان زانسـتی شـوێنەوارو هاوکارەکـانی

ئـەنترۆپۆلۆژیاو زانسـتی چـینەکانی زەوی بـەهێز دەبێت.

هەنـدێکی تـریش وا دەبیـنن کـەوا زانسـتی شـوێنەوار نابێـت تـەنها بایـەخ بـە لێکۆڵینـەوەی چـاخەکانی پـێش مێـژوو بـدات، بـەڵکو دەبێـت بایـــەخ بـــە چـــاخە مێژووییـــەکانیش بـــدات.خاوەنـــەکانی قوتابخانـــەی یەکـــەم بـــەم بۆچـــوونە رازی نـــین و بەرپەرچـــیان دەدەنـــەوە، چونکە وا بـاوەڕ دەکـەن کـە لێکۆڵینـەوەی چـاخە مێژوویـیـە کۆنـەکان لـە ئـەرکی مێژوونووسـانەو بەڵگەنامـــە مێژوویـیـــە نووســـراوەکان بەســـە بـــۆ بـــەدیهێنانی ئامـــانجی مێژوونووســـێك ئەگـــەر بیـــەوێ وێنەیـــەکی روونـــی شارســـتانیەتەکانی رابووردو پیشان بدات.

خـــاوەنی ئـــەم قوتابخانەیـــە، لایـــەنی شـــوێنەواری ئـــەم چـــاخانە دەخاتـــە ئەســـتۆی

پسپۆری تۆژەرەکانی مێژووی هونەر، هەرچی تیپی سێیەمیشە، وادەبینێت کە زانستی شوێنەوار ئاسۆیەکی فراوانە بۆ لێکۆڵینەوەی پاشماوەکانی مرۆڤ هەر لە بوونەوە تاوەکو گەورەبوونو زیادبوونی بەرهەمەکانی مرۆڤ لە چاخە مێژوویەکانی کۆنی مێژوودا.

هەروەها وا باوەڕ دەکەن کە زۆربەی ئەو بەڵگەنامەو گیروگرفتانەی لە شوێنی شوێنەوارە مێژوویەکاندا بەدیار دەکەون، سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو.

زانستی شوێنەوار پەیوەندییەکی بە هێزی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تردا هەیە، چونکە گرنگییەکی بنچینەیی بە لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کۆمەڵگا کۆنەکان دەدات، پەیوەندییەکانیش بە مێژوو. لەوەدا بە دیاردەکەوێت بۆ نموونە لە بارێکدا ئەگەر

راستییە تۆمارکراوەکانو بەڵگەنامەکان کە بە نووسینی وێنەییو بزماری لەسەر تاتە قوڕ نووسراونەتەوە یان لەسەر بەردو دارو عاجو کانزا هەڵکۆڵراون پێشکەش بکات، شیکارو شیکردنەوەی ئەم نووسینە وێنەییو بزمارییانەش زۆر جار بە بەشێك لە بەشەکانی زانستی شوێنەوار دادەنرێنو هەروەها ئەم زانستە بە ئاکارێکی رابردووی زانستەکانی مرۆڤ دادەنرێت، چونکە لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخ بە (جۆرەکانی کۆمەڵگە) دەداتو لە پەیکەری ئێسقانەکانی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوە تا دەگاتە لێکۆڵینەوە لە بەدیارکەوتنی مرۆڤ و پەرەپێدان و دابەش بوونی رەگەزەکانی مرۆڤ.

بەلام پەیوەندی (زانستی شوێنەوار) بە ئاییندەوە لەم سووچەوە دەبێت، کاتێك لە داستانو بیروباوەڕو رووکارەکانی هونەرە

جـــۆراو جۆرەکـــان دەکۆڵێتـــەوە ئەوانـــەی کـــە تـــەعبیر لـــە پەرســـتن‌و دابو نـــەریت‌و ئاهەنگـــە ئاینییـــەکان دەکـــات کـــە پەیوەنـــدیان بـــە ژیـــان‌و مردن‌و دوای مردنی مرۆڤەوە هەیە.

پەیوەنـــدی زانســـتی شـــوێنەوار بـــە هونـــەر زۆر بـــەهێزە ئـــەم پەیوەندییـــەش لـــەوەدا روونـــە کاتێـــك شوێنەوارناســـــەکان ئـــــەو کـــــارە هونەرییـــــە هـــــەڵکۆڵراو بەرجەســـــتەو وێنـــــەو تابلۆیانـــــە دەدۆزێتەوە.



لـــەو کاتـــەی کـــە زانســـتی شـــوێنەوار لـــە جۆرەکـــانی هونـــەری چـــاخە کۆنـــە جـــۆراو جۆرەکـــان دەکۆڵێتـــەوە ئـــەم پەیوەندییـــە بـــەهێزتر دەبێت.

هـــەروەها شـــوێنەوار ئـــەو بەڵگانـــە ئاشـــکرا دەکـــات کـــە هێمـــا بـــۆ رێکخســـتنە ئـــابووری‌و کۆمەڵایـــەتی‌و یاســـاییەکانی کۆمەڵـــە کۆنـــەکان

دەکـــات.ســـەرەڕای ئاشـــکراکردنی توانـــای پیشەســـازیو زانســـتی ونـــەدەبی(ئـــەم کۆمەڵگایانە).

لێکۆڵینـــەوە شـــوێنەوارییەکان پشـــت بـــە هەنـــدێك لـــە زانســـتەکانی وەك کیمیـــا وفیزیـــا دەبەســـتێت. بـــۆ ئـــەوەی بتوانێـــت مێـــژووی راســـتەقینەی خوولـــەکانی شارســـتانیەت وەدەســـت بهێنێـــت، ئـــەویش بـــە بـــەکارهێنانی رێگـــای (پۆتاسیوم ئەرکۆن یان کاربۆن ١٤ی تیشکدار).



زانســـتی شـــوێنەوار پەیوەنـــدی بـــە زانســـتی چـینەکانی زەوییـەوە هەیـە بـە تایبـەتی لـە کـاتی گــەڕان بــەدوای شــوێنەواری مــرۆڤ لــە چــاخە بەردیینیـــە کۆنـــەکان، ئـــەم پەیوەندییـــەش لـــە کاتێکـدا بـە دیـار دەکـەوێت کـە پـەنا ببرێتـە بـەر رێگـــا جیۆلۆجیـــەکان بـــۆ زانـــینی تەمـــەنی بـــەردەکان وکـــونو کەلەبـــەری لێـــواری رووبـــار

ودەریاو ئەشکەوتو حەشارگاکان، پاشماوەی مرۆڤیان تێدا دۆزراوەتەوە. هەروەها زانستی شوێنەوار پەیوەندی بە زانستی زیندەوەرزانییەوە هەیە، بایەخ دەدات بە چۆنیەتی بەدیار کەوتنی مرۆڤ وپەرەسەندنی بە درێژایی چاخە کۆنەکان، هەروەها شوێنەوارناس پشت بە زانستی ئاژەڵ دەبەستێت کە لقێکە لە زانستی زیندەوەرزانی، بۆ ئەوەی لە ئاژەڵە کۆنە رەق بووەوەکان بکۆڵێتەوە کە بەر لە مرۆڤ یان لەگەڵ مرۆڤدا ژیاون. هەروەها شوێنەوار پشت بە لقەکانی تری زانستی زیندەوەرزانی دەبەستێت ئەویش زانستی رووەکە بۆ ناسینەوەی رووەکە کۆنەکان کە مرۆڤ پشتی پێ بەستبوون بۆ خۆراك وجل وبەرگ ودروست کردنی خانووەکانیان (مسکن) وئامێر وکەڵو پەلەکانی.

هەروەها شوێنەوارناسی گرنگی دەدات بە بەدواداچوونی ڕێگاکانی بازرگانی کۆن و کۆچکردنی گەلان بۆ هەرێمەکانی دەوروبەر و دوور، دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لە بوونی گەل و پەلی شارستانی کۆمەڵێکی دیارکراو لە ناوچە و هەرێمێکی تردا.

لێرەدا بۆمان بە دیار دەکەوێت بوارەکانی زانستی شوێنەوار بەدوای لێکۆڵینەوەی هونەر و پیشەسازی و زمان و زانستەکان و ئەدەب و ئاینەکان و یاسا و پەیڕەوی ڕامیاری و ئابووری و وکۆمەڵایەتی و سەربازی کۆندا دەگەڕێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو شوێنەوار بایەخ دەدات بە لێکۆڵینەوەی رووکارە شارستانیەکان و پەرەسەندنیان، چاخ بەدوای چاخدا، هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندی بە ئێستاوە زۆر بە هێزە وەك پەیوەندی درەخت بە رەگەکانیەوە، ئەم

گفتـــەش ماناكـــەی وا دەبەخشـــێت كـــە كـــەلتوور ومرۆڤایـــەتی بـــە شـــێوەیەكی گشـــتیو نەتـــەوەیی بـــە شـێوەیەكی تایبــەتی وەچـەی چـاخە نوێیــەكان نیـــە، بـــەڵكو دەگەڕێتـــەوە بـــۆ چـــاخە كۆنـــە دوورەكـــانی مێـــژوو هەنـــدێك جـاریش بـــۆ پـــێش مێژوو.

مـــادام پەیوەنـــدی رابـــردوو بـــە ئێســـتاكەوە ئەوەنـدە بـە هێـز بێـتو رابـردوو بنچینە بێـت كـە ئێســـتای لەســـەر دروســـت كـــراوە، لەســـەرمان پێویســتە ئــەم رابــردووە بناســین، بــۆ ئــەوەی لــە ئێســتامان تێبگــەینو رێـــڕەو دیـــار بكـــەین بـــۆ داهاتووێكی گەشاوەتر.

لێكۆڵینــەوە لــە رابــردوو نــەك هــەر ســوودمان پــێ دەبەخشـێت بـۆ تێگەیشـتنی ئێسـتامان، بــەڵكو وامـــان لێـــدەكات كـــە شـــانازی بـــە كـــەلتووری كۆنمانــەوە بكــەین، ئــەو كــەلتوورەی كــە شــێوازێكی

تایبـــــەتی بەســـــەر شارســـــتانیەتەکەمانەوە دەســـەپێنێت بـــە شـــێوەیەك لـــە شارســـتانیەتی میللـەتانی تـر جیـای دەکاتـەوە، شـانازی کـردنیش بــە کــەلتووری میللــەت بەشــێوەیەکی سروشــتی بانگهێشــت کردنــە بــۆ چــاودێری وهێشــتنەوەی رووکــارو پەرەســەندن وهانــدان بــۆ گــەڕان بــە دوای ئـەم سـامانە نەتەوەییـە. هـەروەها پێویسـتە ئـــەم شـــانازییە نەبێتـــە بانگهێشـــتێکی ســـۆزدار تـەنها بـۆ شـانازی کـردن بێـت بـە تـەنیا، بـەڵکو دەبێـــت پاڵپشـــتێك بێـــت بـــۆ تێگەیشـــتنی پاڵنـــەرەکانو لێکۆڵینـــەوەی رەگـــەکانیو روون کردنــەوەی گرنگــی ئــەم کــەلتوورە بــۆ نــەوەکانی داهاتووی میللەتەکەمان.

گوێنــەدانو پشــت گــوێ خســتنی شــوێنەوار، واتــە ونبــوونی بەشــێك لــە مێشــکی (ژاکــرە)

میللەت، ئەو میللەتەی رابردووەکەی خۆی لەبیر دەکات، ئێستاو داهاتووی دەشلەژێت.

بێگومان زانستێکی فراوانی وەك زانستی شوێنەوار، دەبێت چەند لقێکی لێ ببێتەوە، بەمەش رێگاکانی لێکۆڵینەوەو گەرانی تیادا جیاواز دەبێت، وەك ئەوەی رێگاکانی گەران لە چاخەکانی پێش مێژوودا بەشێوەیەکی تەواو جیاوازتر بێت لە رێگاکانی گەران لە چاخە مێژووییەکان.



## چاخەکانی پێش مێژوو

زۆربەی چاخەکانی پێش مێژوو دەکەونە چاخی (بلایستۆسین) ئەمەشیان چاخی پێنجەمی سەردەمی جیولۆجی نوێیە کە لە چاخی (ئەیوسین، ئەلیکوسین ، میوسین، بلایوسین، پلایستوسین) پێکدێت. لە

هەمووشیان نوێتر (هۆلۆسین)ە. ئەم چاخەش لەهەموو چاخە جیۆلۆجیەکان گرنگترە سەبارەت بە ژیانی مرۆڤ چونکە ژینگەی ئادەمیزادیش تیایدا گەشەی سەندو شارستانیەت بەدەرکەوت.

ئەم سێ پەرەسەندنە پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەبووە بە شێوەیەك ناتوانرێت هەریەکەیان بە تەنها دوور لە ئەوانی تر لێی بکۆڵدرێتەوە.

١- گەشەکردنی ژینگەی سروشتی

ژینگەی سروشتی ، دیاردەیەکی ئاووهەوایی بە خۆیەوە دی کەوا رۆڵێکی دیاری لە پێکهاتنی رووی زەوی ودابەشکردنی رووەك وگیانلەبەرەکان هەبوو. ئەم دابەش بوونە کاری کردە سەر مرۆڤیش. لێرەدا گۆڕانێکی تیژ لە

ئاووهـــەوادا رووی دا، لـــە بـــارێکی گـــەرمی چـــاخی (پلایۆســـین)ەوە بـــۆ بـــارێکی ســـاردی ووشـــك لـــە چـــاخی (پلایستۆســـین)ی نیـــوەی ســـەرەوەی گـــۆی زەوی. بەمـــــەش پلـــــەکانی گـــــەرمی دابـــــەزین وســـــەهۆڵ رووبـــەرێکی فراوانـــی لـــە ناوچـــەکانی بـــاکووری ئـــەوروپاو ئاســـیا وئـــەمریکای بـــاکوور داپۆشـــی، هـــەتا گەیشـــتە هێلـــەکانی ٤٥ پلـــەی باکوور.

ئـــەم ســـەهۆڵبەندییەش بـــۆ ماومیـــەکی زۆر درێـــژ مایـــەوە، پاشـــان فـــراوانتر بـــووەوە ماوەکەشـــی درێـــژتر بـــووەوە. بـــەم شـــێوەیە چـــوار جـــاران دووبـــارە بـــووەوە تـــاکو ســـەهۆڵبەندییەکە پاشەکشـەی کـرد بـۆ ئـەو هێڵـە پانیانـەی ئێسـتای ناوچەی تەوەری.

ئـــەم مـــاوە ســـەهۆڵبەندییە خـــۆی لەخۆیـــدا چـــاخی ســـەهۆڵبەندی پێـــك دەهـــێنی،

کاریگەرییەکانیش تا کۆتایی تەواو بوونی چاخی سەهۆڵبەندی لە دۆڵەکانی نێو زنجیرە چیاکانی ئەلب بەردەوام بوو. بۆیەش بە ناوی ئەم دۆڵانەوە ناونراون. ماوەی سەهۆڵبەندی یەکەم پێی وترا سەهۆڵبەندی گەنز GUNZ دووەمیان مەندل MINDLE سێیەمیان رایس RISS چوارەم ورم WURM لە نێوان ئەم ماوە سەهۆڵبەندییانەدا چەند ماوەیەکی ( گەرمی رێژەیی) ناسەهۆڵی هەبوون.

کەڤی کردنی سەهۆڵ بەسەر رووبەری بەرفراوانی ناوچەکانی پانتایی باکوور وبەرزایی چیاکان، بووە هۆی لێژبوونەوەی بەفر بەرەو باشوور، بەمەش سەهۆڵ لە باکووری ئۆراسیاو ئەمریکای باکوور بلاوبووەوە، رووبەرێکی فراوانی ئەفریقای باکوورو بیابانی مەزن کەوتە بەر کارتێکردنی

بـــای پێچـــەوانەی بارانـــاوی لـــە ســـێ مـــاوەدا. کـــە چـــەند وەرزێکـــی بـــێ بـــاران لـــە چـــاو ئـــەوانی تـــر بارانی کەمتر بوو لەم ناوچانەدا هاتە کایەوە.

هـــەروەها دوایـــین وەرزی ســـەهۆڵبەندیش لـــە ئـــەوانی تـــر ســـەهۆڵی کـــەمتر بـــوو. بەمـــەش دوورگـــەو نیمچـــە دوورگـــەکانی دەریـــای ناوەڕاســـت بـــوون بـــە ناوچـــەی دارســـتانی (نفچـــی وصـــنوبەری) ئـــاژەڵی وەك (وحیـــدالقرن- تـــاك قـــۆچ)و ئەســـپ وفیـــل کـــە حـــەزیان لـــە گەرمییەتێیـــدا دەژیـــان. بیابـــانی مـــەزن ونیمچـــە دوورگـــەی عـــەرەب چـــەند دەشـــتاییەك بـــوون لـــە ئاووهـــەوای دەریـــای ناوەڕاســـت بـــە گیـــا داپۆشـــرابوون و درەخـــتو چـــەندەها جـــۆر زینـــدەوەری جیـــا لـــە ئێستا تیایـــدا دەژیـــا، ئـــاژەڵیش، بـــە پێـــی ئاووهـــەوای ماوەکـــان لـــە ماوەیـــەك بـــۆ ماوەیـــەکی تـــر جیـــا بـــوون، چـــونکە لـــە مـــاوەی ســـەهۆڵبەندی ساردا ئـــەو ئاژەڵانـــەی

حـــەزیان لـــە ســـاردی دەكـــرد وەك (ورچو رنـــە) بـــەرەو باشـــوور دەكشـــان تـــاكو دەشـــتی ئـــەوروپایی وبنـاری چـیای ( كربـات ونـەلب) كـە چـی لـە كاتـە گەرمـــــەكانی غـــــەیرە ســـــەهۆڵیدا ئاژەڵـــــەكان دەگەڕانـــەوە بـــۆ ناوچـــەی بەســـتەڵەكی بـــاكوور، ناوچەكانیشـیان بـۆ ئـەو ئاژەڵانـە بـەجێ دەهێشـت كـە حـەزیان لـە گـەرمی بـوو، لـە ئاسـیاو بـاكووری ئەفەریقاوە كۆچیان بۆ دەكرد.

پاشمـــاوەی ئـــەم گیانلەبەرانـــەو رووەكـــەكانی دوایـــین مـــاوەی ســـەهۆڵبەندی لـەژێر چـینەكانی ئـەو خـۆڵو قومـە جیرییانـەی كـە بـە هـۆی ئـەو بایانـەی لـە كەڵەكـە سـەهۆڵەكانی سـەر چـیاكانی ناوەڕاســـتی ئـــەورووپاوە هـــاتبوونو ناوچـــەكەی داپۆشـــبوو، دۆزراونەتـــەوە. هـــەروەها ئـــەم پاشماوانـــە لـــە نـــاخی ئـــەو زۆنكـــاو ودەریاچـــە ســـــەهۆڵبەندییانەدا دۆزراونەتـــــەوە كـــــە دوای

کشانەوەی سەهۆڵبەندی وشك بووبوونەوە.

٢-گەشەی مرۆڤ

ئـــەم چــاخە، گەشـــەی ســـێ جـــۆر مرۆڤـــی بەخۆیـــەوە بینیـــوە، دوو جۆریـــان لەناوچـــوون و نـــەمان، ئـــەویش (مرۆڤـــی مـــەیموونی کورتـــە بـــاڵا) و (مرۆڤـــی نیانـــدرتاڵ) بـــوون، بـــەڵام جـــۆری ســـێیەمیان (مرۆڤـــی ژیـــر) بـــوو، بنەماڵـــەی ئـادەمیزاد سـەر بـەم جۆرەیـە کـە لەسـەر زەویـدا تەمەن درێژ بوون تاکو ئێستاش ماوەتەوە.

لەگـــــەڵ ئەوەشـــــــدا پێشـــــەنگەکانی مرۆڤایـــەتی بـــەر لـــەم چـــاخەدا بـــەدیار کـــەوتوون، لەوانەشـــە بەدیارکـــەوتنیان لـــە مـــاوەی نێـــوان کۆتاییـــەکانی چـــاخی چـــوارەم و دەسپێکی چاخی پێنجەم بووبێت.

ا پێشەنگەکانی مرۆڤایەتی

دۆزینەوەکانی (ریمۆن) لە ئەشکەوتی تانگس (Taungs) لە تشواناى باشووری ئەفریقا کە لە ساڵی ١٩٢٥ ئەنجام درابوو، (ریمۆن) یەکەم هێماى کرد بۆ گیانلەبەرێك کە سیفەتەکانی مەیموون وسیفەتەکانی مرۆڤی تێدا کۆکردەوە، بەڵام بە تەواوەتی ناکەونە پۆلی ئادەمیزادو لە هەمان کاتیش لە ئاستی مەیموون بەرزترن، ئەم خوڵقاوە پێی وترا (مەیموونی باشووری ئەفریقیایی) (Australopitheus Africanus).



پاشماوەى پەیکەری ئەم جۆرە گیانلەبەرە ئەوە بەدیار دەخەن کە خاوەنەکانیان کورتە باڵا بوونە وقەبارەى مێشکیان لە قەبارەى مێشکی مەیموون زیاتر نییەو شەویلاکێکی بە هێزیان هەبووە وددانەکانیان لە جۆری مرۆڤ بووە، بێ

ددانـــی خــری کــه لــه مەیموونـــدا هەیـــه، بـــەڵام کەڵبـــەکانییان قـــەبارە گـــەورەن‌و رووکـــارە وردەکـانی کەللەسـەریان لـە رووکـاری کەللەسـەری مرۆڤ نزیکترە نەك بۆ کەللەی مەیموون.

سـەیر لـەم مەخلووقـەش ئەوەیـە کـە مێشـکی مـــەیموون‌و پـــەل وپۆیـــەکانی پـــێش گەشـــەی مێشــکی بــووە، هــەروەها ئــەم مەخلووقــە لـــە ناوچــە گیاییەکانــدا ژیــاوە وسیفەتەکانیشــی وا رێککـــەوتوون کـــە لەگـــەڵ ژیـــانی ســـەر زەوی بگونجێت نەك بە درەختەکانەوە هەڵبگەرێت.



ب-مرۆڤی مەیموونی کورتەباڵا:

ئـــەم جـــۆرە مرۆڤـــە لـــەناو چـــووە، لـــە دەســـتپێکردنی چـاخی پلایستۆسـین لـە مـاوەی سـەهۆڵبەندی یەکـەم‌و دووەم ژیـاوە. یەکـەمین شـوێنەوارو پاشمـاوەی پەیکـەرەکانی لـە سـاڵی ١٨٩١

لە لایەن دکتۆرێکی هۆڵەندی (یۆجین دیبوا) لە نزیك گوندی ( ترینیل) دۆزرایەوە، گوندەکەش دەکەوێتە سەر لێوارەکانی رووباری (بنجافان) لە ناوەڕاستی دورگەی (جاوە)،پاشماوەکانیش بریتی بوون لە کەللە سەر وئێسقانی شەویلاك وددانەکان، کەللە سەرەکان لە شێوەدا نزیکتر بوون لە کەللەی مەیموون، چونکە لەلای سەرەوە قۆقز بوون، ئێسقانی برۆیەکان زۆر دیار وبەدەر بوون، ئێوچەوانەکانیش بۆ ناوەوە بوون، قەبارەی مێشك بچووك، بەلاَم ئێسقانی رانەکان وا ئامادەکرابوون بۆ هەمان کاری ئێسقانی مرۆڤی ژێر بەکار بێت.

دکتۆر (فۆن کۆدك زفالد) لەم پاشماوانەی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت ئەم جۆرە مرۆڤانە دەیانتوانی لەسەر پێیەکانیان بوەستن لەبەر ئەوە پێیان وترا (مرۆڤی مەیمونی کورتە

بالاّ).

هەروەها لە وڵاتی چین لە ساڵی ۱۹۲۷ و۱۹۳۹ کۆمەڵێك پاشماوە وئێسقان وکەللەی مرۆڤ لە ئەشکەوتێکی نزیك گوندی (شۆکۆتین) لە خوارووی رۆژئاوای پەکین دۆزرایەوە، دکتۆر (فایدن رخ) لە پاشماوەی مرۆڤی جاوە ومرۆڤی چینی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت کە چەند سیفەتێکی تێکەڵ بە سیفەتو رووکارەکانی مەیمونیان پێوە دیارە.



لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤی مەیموونی کورتە بالاّ، کورتتر بووە لە مرۆڤی ئێستا، دەست وپێی وەك ئێمە بووە، بەلاّم پردی نێو ئەبرۆیەکانی ئەستوورتر وبەسەر هەردوو چاویدا بەدیار کەوتبوون، نێوچەوانێکی قووڵ بۆ ژوورەوە چوو شەویلاکێکی بەهێزو کۆمەڵێك ددانی گەورە

وملێکــی ئەســتوورو ڕادەیــەکی نزمــی مێشــك. لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەم جــۆرە مرۆڤــە تــوانی لــە بــەردی صــوان چــەند ئامێرێــك دروســت بکــات وئـــاگر بدۆزێتـــەوە وڕاوچـــییەکی زیـــرەك بــوو.هەنــدێك لــە پسـپۆران وا دەزانــن مرۆڤــی جـــاوە بنەچـــەیەکی هاوبـــەش بـــوو مرۆڤـــی (نیانـدرتال) ومرۆڤی (ژیر)ی لێ پەیدا بووە.



ج-مرۆڤی نیاندرتال:

یەکـەمین پاشمـاوەی وشـکبووەوەی ئــەم جـۆرە ئـــادەمیزادە لـــە (جبــل تـــاریق) لـــە ســـاڵی ١٨٤٨ دۆزراوەتـەوە، هـەروەها لـە سـاڵی ١٩٠٧ لـە ناوچـەی (هایـــدلبرغ) لـــە وڵاتـــی ئـــەڵمانیای ڕۆژئـــاوا پاشمـــاوەی چـــەند ئاژەڵێــك دۆزرایــەوە لەوانــە ئێسـقان وددانــی (ئەســپ )و(فیـل)و (تــاك قـۆچ)و ئـــاژەڵی شـــیردەری ســـەردەمی (پلایستۆســـین)،

هـــەروەها لـــە يـــەكێك لـــە ئەشـــكەوتەكانى دۆڵـــى نيانـــدرتال لـــە وڵاتـــى ئـــەڵمانيا، پاشمـــاوەى ئـــەم ئـــادەميزادە دۆزرايـــەوە وەك ئێســـقانى كەللەســـەر وقەفـــەزەى ســـينگو دەســـت وپێيـــەكان، پێـــى وتـــراوە (مرۆڤـــى نيانـــدرتال) بـــەو هێمايـــەى كـــە لـــــەو شـــــوێنە دۆزراوەتـــــەوە. هـــــەروەها شارســـتانييەتەكەش پێـــى وتـــرا شارســـتانييەتى (مۆســـتيرى) بـــە هێمـــاى ئـــەو شـــوێنە، كـــە كەلوپەلـــەكانى لـــە بـــەردى (صـــوان) دروســـت كرابـــوون، شـــوێنەوارو پاشمـــاوەى ئـــەم ئـــادەميزادە لـــە زۆر شـــوێنى تـــرى جيهـــانى كـــۆن دۆزراوەتـــەوە وەك

(فەرەنسا،بەلجيكا،ئيسپانيا،ئيتاليا،كرواتيا،باشــــــوورى روسيا،ســــــــــــــــــــيبيريا،باكورى ئەفريقا،فەلەســـــتين،عيراق وئێـــــران)،پاشمـــــاوە دۆزراوەكـــان بـــريتى بـــوون لـــە پەيكـــەرى ئێســـقانى

تەواوی پیاو وژنو منداڵ.

ئـــــەم ژمــــارە زۆرەی پەیکــــەری مرۆڤـــــی نیانــــدرتاڵ کـــە لـــەم ولاتانـــەدا دۆزراونەتـــەوە، زانیــــاریو بیرۆکـــەی تـــەواومان ســـەبارەت بـــە مرۆڤـــی نیانـــدرتاڵ پـــێ دەبەخشــێ وجیـــاوازی نێـــوان مرۆڤـــی ژیـــرو مرۆڤـــی نیانـــدرتاڵ روون دەکاتەوە.

کەللـە سـەری نیانـدرتاڵ گـەورەو نێسقانەکانی ئەسـتوورن، لـە فەلەسـتین سـاڵی١٩٣١ و١٩٣٢، چـەند شـــوێنەوارێکی مرۆڤـــی نیانـــدرتاڵ دۆزرایـــەوە مێژووەکـــەیان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئـــەو بنەماڵانـــەی رووخســـاری پێشـــکەوتوو ترییـــان لـــێ بـــەدیار کـــەوتبوو، لـــە رووی رێـــكو پێکـــی کەللـــەی ســـەرو نێسـقانەکان، کـــە نزیـــك بـــوون لـــە مرۆڤـــی ژیـــر، هـــەروەها نێســـقانی پەنجـــەی دەســـت وپێیـــەکان کەوانـــــەیی نـــــەبوون، بـــــەڵکو راســـــت، وەکـــــو

پەنجەکانی مرۆڤی ژیر بوون.

مرۆڤـــی نیانـــدرتال هـــەتا ســـەردەمێکی نـزیکیش، بـە قۆناغێـك لـە قۆناغـەکانی گەشـەی مرۆڤـــی نـــوێ دەژمێـــردرا، بـــەڵام دۆزینـــەوەی شـوێنەواره وشـك بووەوەکـانی مرۆڤـی ژیـر کـە دەگەڕایـــەوە بـــۆ پاشماوەکـانی سـەردەمی غـــەیره ســـەهۆڵبەندی یەکـــەم، واتـــە مرۆڤـــی نیانـــدرتال هـەنگاوێکی تـازەتر نـەبوو بـۆ گەشـەی مرۆڤـی ژیـر بـەر لـە مرۆڤـی نیانـدرتال بـە دیارکـەوتبوو، بـەڵکو بـۆ ماوەیـەك هاوچـەرخ بوونـە لەگـەڵ ماوەکـــانی ســـەردەمی (پلایستۆســـین)، گەشـــە کردنەکـەش شـان بـە شـانی یـەکتر، هاوچـەرخی مرۆڤی ژیـر بـووه، بـەڵام مرۆڤی نیانـدرتال لـەناو چـووه، لەوانەشـە مرۆڤـی ژیـر بەسـەریاندا زاڵ بووەو بە کوشتن لە ناوی بردوون.

د-مرۆڤی ژیر:

مرۆڤـی ژیـر بـۆ یەکـەم جـار لـە سـەردەمی مـاوە ناسـەهۆڵییەکاندا بـە دیارکـەوتوون، کـۆنترین پاشماوەکـانی ئـەم مرۆڤـە لـە ناوچـەی (سوانسـکۆپ) لـە ئینگلتـەرە سـاڵی ١٩٣٦ دۆزرایـەوە، ئـەم پاشماوانـەش بـریتی بـوون لـە دوو پارچـە ئێسـقان، یـەکێکیان ئێسـقانی داپۆشـینی جومجومـەی سـەر، ئـەوی تـر بەشـی دواوەی کەللەسـەر بـوو، ئـەم ئێسـقانانە لەگـەڵ چـەند ئـامێرێکی بـەردینیو پارچـە بـەردی (صوان) وئێسقانی فیلو تاك قۆچ دۆزرایەوە.

لـە کـاتی لێکۆڵینـەوە لـە ئێسـقانەکانی ئـەم جـۆرە مرۆڤـە بـەدیار کـەوت، کـە ئـەم ئێسـقانانە لـە شـێوەدا زۆر نـزیکن لـە ئێسـقانەکانی مرۆڤـی نـوێ، بێجگـە لـە ئەسـتووری نـەبێت، هـەروەها لـە رووی نـاوەوەی کەللەسـەرەکەدا شـوێنی

پەناوپێچی مێشك بە دیارکەوتووە وەك لە هی مرۆڤی نوێدا هەیە، هەروەها بەشی دواوەی جومجومەکەش شێوەی پانی پێوە دیارەو قۆقز نییە، ئەم سیفەتەش وای لێدەکات بکەوێتە بازنەی کۆمەڵی جومجومەکانی مرۆڤی نوێ.

ئەم جۆرە مرۆڤە لە ناوچەکانی دەریاچەی فکتۆریای رۆژهەلاتی ئەفریقا دۆزرایەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ناوەڕاستی چاخی (پلایستۆسین)، هەروەها لە ناوچەی خوارووی فەرەنسادا پاشماوەکانی مرۆڤی ژێر دۆزرایەوە کە پێکهاتبوو لە پەیکەری ئێسقانی تەواوی مرۆڤێکی بالا بەرزو دروستکارییەکی وردی بە هێزو شوێن مێشکێکی گەورە، بەم شێوە مرۆڤەش وتراوە مرۆڤی (کرۆمانیون)، مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی (ئۆرکنیش)، دوو پەیکەری گەورەی تر کە

دەگەڕێتەوە بۆ هەمان چاخو لە ئەشکەوتی (گریماڵدی) دۆزرایەوە سیفەتی مرۆڤی (زنجی)یان پێوە دیار بوو وەك زەقی شەویلاك، ئەمەش کۆچکردنی زووی زنجییەکانی ئەفریقا بۆ ئەوروپا نیشان دەدات کە بە ڕێگای تونس‌و دورگەی صقلیەدا بووە.

تایبەتمەندی لە سیفەتەکانی شێوەی لەشی تایبەت بە بنەماڵەی مرۆڤی ژیر، هەر لە کۆتاییەکانی چاخی بەردینی کۆنی بەرز بەدیارکەوتووە، خاوەنی کەللەسەری سوانسکۆپ سەریان پان بووە هەروەها مرۆڤی کامبل، بەلاَم مرۆڤی کرۆمانیون سەریان پان ودەم وچاویان درێژوکانی هەلکەوتبوو، ئەم سیفەتانەش لەلایەن هەندێ لە لقەکانی بنەماڵەی کۆمەڵەی قەوقازی ناسراوە.

لە ئەفریقادا چەند کەللە سەرێك

دۆزراوەتەوە کە لە کەللەسەری مرۆڤی کرۆمانیون دەچوو، ئەمەش هێمایەکە بۆ تێکەڵ بوونی بنەماڵەکانی کۆمەڵە قەوقازییەکان لە کاتێکی زوودا.

شارستانییەتی (میکرۆلیشیی) لە چاخی بەردینی ناوەڕاستدا لە ناوچەکانی ئاسیاو ئەوروپاو باکووری ئەفریقا بە دیارکەوتووە، ئەمەش لە ئەنجامی کشانەوەی یەکجارەکی سەهۆڵبەندی بۆ ناوچە تەوەرییەکانی ئێستا، بەم شێوەیە باران کەم بوومتەوەو چۆمو رووبارەکان لە ناوچەکانی ئێستای بیابانی گەورەو وڵاتی عەرەبدا وشك بوونەتەوەو بوونەتە هۆی لەناوچوونی مێرگو کانیو کۆچکردنی گیانلەبەرەکان بۆ هەرێمە باراناوییەکانی باکوورو باشوور، بەرەو ئەوروپاو سودان، بەمەش مرۆڤ بە دوای

راوکــردنو ڕووەکــدا کۆچــیان بــۆ هــەمان شــوێن کــردووە، ئەمــەش بــە ڕێگــای فەلەســتینو ئاسـیای بچــووكو (جبــل تــاریق)و (بــاب المنــدب) ئــەنجام دراوە.

بنەچــەی ئــەم کۆچــبەرانەش دەگەڕێتــەوە بــۆ یــەك بنەماڵــە کــە بنەچــەی کــۆنی بنەماڵــەی دەریــای ناوەڕاســتە، لــە کــاتی کۆچــکردندا لەگــەڵ پاشمــاوەی بنەماڵــەی چــاخی بــەردینی کــۆنی بــەرزو چــاخی بــەردینی نــوێو چــاخی برۆنــزیو ئاسنی تێکــەڵ بــە یــەکتر بــووە، ئــەم ســێ بنەماڵــە ســەرەکییەی (قــەوقازیو مــەغۆلیو زنجــی)یــە دابــەش بــوون بــۆ ژمارەیــەکی زۆری بنەماڵــەی بچــووکتر، بــەم شــێوەیە ئــەم جــۆرە مرۆڤــەی کــە پەیــدابوون ئێســتا لەســەر ڕووی زەویــدا دەژیــن، کــە ئــەویش مرۆڤــی ژیــرە، ئــەم مرۆڤــەش بــە هــەنگاوی ســێیەمی پەرەســەندنی مرۆڤـ

دەژمێردرێـــــت، دواى جـــۆرى مرۆڤـــى جـــاوەو مرۆڤى نیاندرتال.

گومـــانى تێـــدا نییـــە مرۆڤـــى ئێســـتا، دەگەڕێتــەوە بــۆ یــەك بنەچــە، بــەو بەلگەیــەى دەكرێـــت زاوزێ لـــە نێوانیانـــدا ئـــەنجام بـــدرێت، بـــەلآم ئەمــە مانــاى ئــەوە نییــە كــە سـیفەتەكانى جـــۆرى مـــرۆڤ نـــەگۆڕە، بـــەلكو ســـیفەتەكان‌و جۆرەكــانى هــەر لــە دێــر زەمانــەوە لقــى لــێ بووەتـــەوەو بوونەتـــە ســـێ بنەمالّـــەى گـــەورەى (قـــەوقازى‌و مـــەغۆلى‌و زنجـــى) ئەمانـــەش لـــە ژێـــر كـارلێكردنى بـارودۆخى سروشـتى‌و زاوزێ كـردن‌و دابەش بوون بۆ بنەمالّەى تر.

بــەم شــێوەیە بنەمالّــەى نــوێترو تێكــەلآو پەیــدا بـــوون تـــاكو ئێســـتاش ئـــەم تێكەلآوبوونـــە لـــە هەموو ناوچەكانى دنیاى ئێستادا بەردەوامە.

### ٣ / پەرەسەندنی شارستانییەت

بەڵگەنامــە ماددیــەکان کـۆکن لەســەر بــوونی مرۆڤـــی کارکـــەری هونەرمەنـــد هـــەتا ئەگـــەر عــاقڵیش نــەبووبێت، شارســتانیەتە ســەرەتاییەکان هــەر لــە ســەردەمی چــاخەکانی پــێش دۆزینــەوەی نووســین بەدیارکــەوتوون لەبــەر ئــەوە پێیــان وتـــراوە شارســـتانیەتەکانی چـــاخەکانی پـــێش مێــژوو، ئــەم چــاخانەش بــە کــۆنترین قۆناغــەکانی پەرەســەندنی مرۆڤایــەتی دەســت پێدەکــەن‌و بــۆ ئــەوەش چــەند بەڵگەیــەکی مــاددی لەبەردەســت دایــە. لەگــەڵ ئــەوەی هەنــدێك شارســتانییەتی چــاخە بەردینیــەکان لــە هەنــدێك شــوێنی دنیــادا ماوەکانیــان لــە هەنــدێکی تــر درێژخایــەنتر بــوون، دەتوانرێـــــت بووترێـــــت چـــــاخەکانی ئـــــەم شارســـتانییەتانە لـــە ٩٩٪ی ژیـــانی ئـــادەمیزادی گرتۆتــە خــۆی، هــەتا ئەگــەر لــەو کاتــەوە بووبێــت

کـه مـرۆڤ بووەتـه دروسـت کـەری ئـامێر بـەلانی کەمەوە.

بـــەلأم ئـــەو قۆناغانـــەی کەوتوونەتـــه نێـــوان کۆتـایی ئـەم چـاخانەو چـاخەکانی ئێمـەی ئێسـتا، یـەك لـه سـەدانه ۱٪ .لەبـەر ئـەوەی کـه چـاخەکانی پـێش مێـژوو زۆر درێـژ خایـەن بوونـه، پسـپۆران لــه لێکۆڵینەوەکانــداو لــەژێر رۆشــنایی رێگاکــانی دروســتکردنی ئــامێرو کــەلو پەلــەکانی تــر بــه تایبــەتی ئـامێرە بەردینییــەکانو ئــەم چـاخانەیان دابەشی چەند چاخێکی دواناوەندی کردووە.



یەکەم / چاخی بەردینی کۆن :

که دابەشی سێ چاخی دواناوەندی دەکرێت:

١- چاخی بەردینی کۆنی نزم

٢ چاخی بەردینی ناوەڕاست

٣- چاخی بەردینی بەرز

دووەم / چاخی بەردینی ناوەڕاست

سێیەم / چاخی بەردینی نوێ

چوارەم / چاخی بەردینی کانزایی

## شیکردنەوەی
## پاشماوە شوێنەوارییەکان:

خوێندنـــــەوەو لێکۆڵینــــەوەی شـــــوێنەواری ناتوانێـــت وێنەیـــەکی تـــەواوی شارســـتانیەتی مرۆڤـــی ســـــەردەمی پـــێش مێـــژوو دروســـــت بکـــات.چـــونکە رەگـــەزە نامادییـــەکانی ئـــەم شارســتانیەتانە وەك زمـــانو بیروبـــاوەری ئـــاینیو رێکخســـتنی کۆمەڵایـــەتیو رامیـــاری ســـەربازیو بـــــەڕێومبردنی حکومـــــەتی. دوای لەناوچـــــوونی خاوەنـــەکانیان جـــێ پەنجـــە وشـــوێنەوارییان نامێنێـــت، ئەگـــەر نەنووســـرابنەوە. لەبـــەر ئـــەوە

لێکۆڵەرەوەی شوێنەواری لەم بوارانەدا هەوڵ دەدات تەنها زانیارییە پەرت و بڵاوەکانی سەبارەت بە رووکارە ژیانییەکانی پاشماوە مادییەکان کۆ بکاتەوە.

دوای لێکۆڵینەوەی ئەم شوێنەوارە بەرجەستانە، چەند ئەنجامێکی ماقوول پێشکەش دەکات کە رابردووی مرۆڤ لە چاخەکانی بەر لە دۆزینەوەی نووسین شی دەکاتەوە، ئەگەر بەڵگەنامەی نووسراویش لە سەردەمەکانی داهاتوودا سەبارەت بەم ئەنجامانە بە دەست کەوت، دەبێت دوای جیاکاری ولێکۆڵینەوە بیانخاتە سەر ئەو ئەنجامە گشتییەی کە پێشکەشی کردووە.

ئەو ئامێر وکەل وپەل وپاشماوەکانی خانوبەرەی مرۆڤ کە پشکێنەرەکان دەیاندۆزنەوە لە راستیدا ئەوانە بەرهەمی شارستانیەتێکی دواکەوتوو یان پێشکەوتوون.

گرنگیەکانیشیان لە بابەتی شوێنەواردا لە گرنگی پەیکەر ونێسقانی ئادەمیزاد کەمتر نییە، هەر ئەم شوێنەوارانە چەند پاشماوەیەکی شارستانین،و لێکۆڵەری شوێنەوار پەنایان بۆ دەبات بۆ شی کردنەوەی بواری گەلانی کۆن هەروەك چۆن جیۆلۆجیەکانو زانایانی زیندەوەرزانی پاشماوە ئۆرگانیکەکان شی دەکەنەوە بۆ زانیارییەکانی ژیانی چاخە دێرینەکان کە لەسەر زەویدا هەبوون.

لەبەر ئەوە ئەو ئامێرو کەلوپەلە بەردینییانە بە پلەی یەکەم دادەنرێن لە شوینەوارەکانی چاخە دێرینەکانی پێش مێژوو (پێش دۆزینەوەی نووسین). تۆژەری شوێنەواری ئەم چاخانەش لە لێکۆڵینەوەکە دەبێت بگاتە ئەو دەرەنجامەی چۆن ئەم پیشەسازییە ئەنجام دراوەو رێگاکانو کارامەیی پێویست چەند بووەو چۆنیەتی بەکارهێنانو

پەیوەندییەکان روون بکاتەوەو سەردەمی دروست کردنی کەلوپەلو ئامێرەکانیش دیاری بکات.

دەتوانرێت باری ئابووری سەردەمێکی دێرین بزانرێت ئەویش بە لێکۆڵینەوەی پاشماوە رووەکیو ئاژەڵییەکان و کەلوپەلی راوو کشتوکاڵو کەلوپەلی بەکارهێنراوی ناو ماڵ. ئێسقانی گیانداره بڕبڕەدارەکانو دانەوێڵەی خۆراكو تۆی بەرو بووم وکەل وپەلی هاڕینو رمی راو کردنو تۆڕی راوکردنو هەوجاڕ (محراپ). ئەمانە هەموویان بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی بیرۆکەیەکی گشتی سەبارەت بە باری ئابووری سەردەمێکی ژیانی مرۆڤی کۆن.

لێرەدا ئەگەر هاتوو تۆژینەوە هەندێك لەم جۆرە پاشماوانەی دۆزییەوە. لێکۆڵەرەوە دەتوانێت ژیانی ئابوری مرۆڤ روون بکاتەوە

بەو شێوەیەی کە ژیانی مرۆڤ لەو چاخەدا لە دەوری پشت بەستن بە راوکردنو کۆکردنەوەی بەروبووم دایە یاخود لە دەوری بەرهەمهێنانو کشتوکاڵو بەخێو کردنی ئاژەڵ دایە.

هەروەها ئەگەر چەند ئامێر وئامرازێك لە شوێنێکی ئارکیۆلۆژیدا دۆزرایەوە ئەگەر ئامرازەکان لە مادەیەك دروست کرابوون مادەکە لەو دەوروبەرەدا نەبێت یاخود بە شێوەیەك دروست کرابێت ئەم شێوە دروست کردنە لەم دەورو بەرەدا نەبووبێت وەك پیشەسازی ناوچەیی، ئەمە مانای هێمایە بۆ پەیوەندی بازرگانی، هەروەها دۆزینەوەی دەرزی لە ئێسقانو دارو عاج دروست کراو هێمایەکە بۆ پیشەسازی جۆراوجۆری پێست وەك سەرجو پێڵاوو قایشو جلو بەرگو هیتر.

تـــۆژەر دەتوانێــت هێمـــا بـــۆ کاروبـــاری ژیـــانی ئـــاینی بکـــات، ئـــەویش لـــە دۆزینـــەوەی پەرســـتگاو بـــتو جـــادووو نـــەخش ومـــۆری لوولـــەیی کـــە پەیوەنـــدییان بـــە بیروبـــاوەڕە ئاینیـــەکان ورێـــو ڕەسمـــی پەرســـتن هەیـــە. ئـــەو دیاریانـــەی وەك چـــەكو کەلوپـــەلی ڕازاندنـــەوەو چێشـــت لێنـــان کـــە هاوڕێیـــەکانی مـــردووان لـــەناو گۆڕەکانیـــان جـــۆری گـــۆڕ وئـــەو دایـــدەنێن هێمایەکـــە بـــۆ ئـــەوەی ئـــەم کۆمەڵگەیـــە بیروباوەڕیـــان بـــە ژیـــانی دوای مـــردن (زینـــدوو بوونـــەوە) هەیـــە، هـــەروەها ئـــەو کەلوپەلانـــەی کـــە لـــە ناویـــدا دەدۆزرێنـــەوە بیرۆکەیـــەك دەبەخشـــێتە تـــۆژەر ســـەبارەت بـــە ئاستی کۆمەڵایەتی مردووەکە.



بـــەڵام شـــوێنەوارە هونەرییـــەکان بـــە سەرچـــاوەیەکی گـــرنگ بـــۆ لێکۆڵینـــەوەی جـــۆری هونـــەری کـــۆنو پەرەســـەندنی لـــە چـــاخێکەوە بـــۆ

ئەوەی تر دەژمێردرێت. هەروەها بۆ زانینی هاندەرە هونەرییەکان وبابەتەکان کە هونەرمەندان گرنگی پێدەدەن وەك بابەتە ئاینییو وەرزشییەکانو راوی ئاژەڵو وێنەکانی تر کە پەیوەندییان بە رووکاری ژیانی رۆژانەی مرۆڤەوە هەیە.

شارستانیەتی جیهانی کۆن ونوێ لە چاخەکانی پێش مێژوو بە شێوەیەکی تەواو روون نابێتەوە، چونکە روون بوونەوەی تەواو پێویستی بە بوونی بەڵگەنامەی نووسراو هەیە، شێوازی چوارچێوەی گشتی مێژووی رۆژهەڵاتی دووری کۆنو مێژووی وڵاتی یۆنانو رۆمان لە چاخەکانی (هێلینی)و (هلنستی) تا رادەیەکی زۆر راستە، چونکە پشت بە بەڵگەنامەی نووسراو دەبەستێت، ئەو بەڵگەنامانەش لە ئەدەبیاتی سۆمەرییەکانو فیرعەونو ئاشوریو

بابلیو ئاموریو کەنعانیو ئارامیو حوریو عیلامیو ئەخمینیو پارپیو ساسانیو ئەغریقو رۆمانیەکاندا هاتووە. ئەو روون بوونەوەیە لە مێژووی کۆندا هاتۆتە کایەوە بە شێوە گشتییەکەی بەردەست نەدەبوو لەکاتێکدا ئەگەر لێکۆڵینەوە تەنها پشتی بە شوێنەوار ببەستبایە.

کاری گرنگی شوێنەوار لە چاخە مێژوویيەکان بە پلەی یەکەم پاڵپشتی کردنی مێژووە، ئەم پشکنینە شوێنەوارییانە ئەو راستیانەیان چەسپاند کە (ماپیۆ)ی کاهن بۆی گواستینەوە سەبارەت بە مێژووی کۆنی میسر، هەر ئەویش زۆربەی ئەو هەواڵانەی جێگیر کرد کەوا سۆمەرییەکان وئاشووری وبابلییەکان باسیان کردبوو، دەربارەی شەڕەکانیان وئاین ونیشو کاری پاشاکانیان دەدوا.

ئـەم پەیوەندییـەش لـە کـاتی جیـاوازی کردنـی نێـوان بـاس وخواسـەکانی نـاو پـەرتووکی (العهـد القـــديم)و ئـــەنجامی پشـــکنینەکان بـــەديار دەکەوێت.

لــــە لایــــەکی تریشــــدا دەبیــــنین شوێنەوارناســـەکان لـــە کـــاتی پشـــکنیندا پـــەنا دەبەنـــە بـــەر یاداشـــتی مێژوونووســـان. هـــەروەك پشـــکێنەری شـــوێنەواری بـــەناوبانگ (شـــلیمان) پـــەنای بـــردە بـــەر یاداشـــتەکانی مێـــژوونووس (بۆســـنیاس) لـــەو کاتـــەی ویســـتی دەســـت بـــە هـەلکۆلین بکـات لـە شـاری (مایسـیناى) هـەروەها پـەنای بـردە بـەر داسـتانەکانی (هـومر) بـۆ گـەڕان بـــە دوای شـــاری (تـــەروادە) هـــەروەها (لیونـــارد وولـــی) پـــەنای بـــردە بـــەر (العهـــد القـــديم)لـــەو کاتـەی لـە (ئـور) دەسـتی بـە پشـکنین کـرد لـە شاری (ابراهيم الخليل).

## دۆزینەوەی شوێنەوار

١-ئـــــەو هۆکارانـــــەی یارمـــــەتی دۆزینـــــەوەی شوێنەوار دەدەن.

چـەند هۆکـارو تایبەتمەندییـەك هـەن ناوچـە شـوێنەوارییەکان جیـا دەکەنـەوە، یـان یارمـەتی بـە دیـار کـەوتنی شـوێنەوار دەدەن‌و لـە هـەمان کاتیشـدا رێنـوێنی تۆژەرەکـان دەکـەن بـۆ ئـەوەی گومـان لـە گرنگـی شـوێنەواری ناوچـەکە نەهێڵێت.

هەنـدێك ناوچـە شـوێنەوارییەکان بـە هـۆی شـوێنەوارە دیارەکـانی سـەر رووی زەوی خۆیـان ئاشـکرا دەکـەن کـە پێـك هـاتوون لـە پاشمـاوەی خانووەکـان وشـوێنە ئـاینی یـەکان وپەرسـتگاکان‌و کۆشـك‌و پەیکـەرەکان‌و دیـواری بـەرگری شـارەکان. ئـەم شـوێنەوارانەش لـە

بەردەم بینەردا ئاشكران، سەرەڕای تێپەڕبوونی هەزاران ساڵ بەسەر دروستكردنیان، ناسینەوەیان ئاسانە، لە زۆر ناوچەی دیكەشدا پارچەو پڕپوچی شوێنەواری بچووكی وەك پارچەی شكاوی گۆزە وكووپەو پارچەی خشتو دراوی كانزایی لێرەو لەوێ بلاوبوونەتەوە.

دۆزینەوەی شوێنەواری دیار، یان شوێنەواری بچووكی پەرتو بلاوبووەوەی ناوچەیەك نیشانەی گرنگی شوێنەواری ناوچەكەیە، پێویست بەوە دەكات كە لێی بكۆڵرێتەوە چونكە لەوانەیە لە ناخی ناوچەكەدا شوێنەواری حەشاردراوی تری تێدا بێت، ئەوەی جێگای سەرنجە زۆربەی شتە بچووكەكان بە شێوەیەكی ئاسایی جیاكردنەوەیان گرانە، دۆزەرەوەكانو گەشتیارە كۆنەكان ئەمەیان پشتگوێ خستووە هەستیان،

بـه گرنگییەکـەی نـەکردووە، هـەتا ئـەم سـاڵانەی دوایـــی پســـپۆرەکان گرنگییـــان پێـــداوە، بـــەم شـــێوەیە لـــە زۆر کاتـــدا ئـــەم شـــتە بچـــووکانە بوونەتە چاکترین رێبەر بۆ کۆڵینکاران.

داشـــۆرانی سروشـــتی کـــارێکی گـــەورە دەکاتـــە سـەر شـوێنەوار، ئـەوەی لـە هـەمووانیش زیـاتر شوێنەوار ئاشکرا دەکات، داشۆرانی دەریاییە.

ئـــەو ئـــامێرە بەردییانـــە (تەڵەزمـــە کلاکتونییـەکان) کـە بـە (الشـفایا الکلاکتونیـە) وە نـاودەبرێن بـۆ چـاخی بـەردینی کـۆنی نـزم دەگەرێنـــەوە کـــە دەکەونـــە ســـەر لێـــوارە کلاکتۆنیـــەکانی ئینگلتـــەرە لـــە دوای چـــاخی بلایستۆســـین بـــە هـــۆی شـــەپۆلەکانی دەریـــا داشـۆراون،.ئەمـەش هـەموو (تەڵەزمـەکانی)یـەوە کـە لـە هـەموو ناوچـەکانی جیهـان دۆزرانەتـەوە دەوترێت .

داشۆران بە هۆی رووباریش وەك داشۆرانی دەریا کاری خۆی کردووە لە میانی ئاشکراکردنی شوێنەواردا. رووبارەکان هەر لە کۆنترین چاخەکانەوە تاکو ئێستاش مرۆڤی بۆ لێوارەکانی خۆی بە کێش کردووە. مرۆڤیش لە نزیك لێواری رووبارەکان جێگیربووە وخانووی دروست کردووە هەر لەو شوێنەشدا هەموو ئەو چالاکیانەی پەیوەندی بە ژیانی ئابووریو ئایینی وهونەری وکۆمەلایەتیەوە هەیە بەجێ هێشتووە، بە درێژایی زەمان، شەپۆلی رووبارەکان توانیویەتی ئەم نشینگە (مستوگنات) داپۆشراوانە ئاشکرا بکات. چاکترین نموونەش بۆ ئەم باسە، ئەو شوێنەوارەیە کە رووباری دجلە لە (گردی یارمچە) لە نزیك نەینەوای ئاشکرای کردووە، (کامبل تومبسون) لە گەڕانێکیدا چەند پارچە

گلێنەیەکی (فخار) کۆکودبۆوە وچەند تێبینییەکی لە بارەیانەوە نووسیبوو.

لە ناوچە دەشتاییە کراوەکاندا( با)ش توانیویەتی رۆلی خۆی لە داشۆرانی ئەو لمو خۆڵو قومەی بە درێژایی چاخە کۆنەکان لەسەر شوێنەوارەکان کۆبۆتەوە، لای بدات، زۆربەی ناوچە شوێنەوارییەکانی چاخی بەردینی ناوەندی بە درێژایی رۆژئاوای ئەوروپاوەیە وەك ئینگلتەرە هەتا پۆڵەندە بە هۆی داشۆرانی (با) دۆزراوەتەوە، ئەوەش کاری گەڕانو دۆزینەوەی شوێنەواری بۆ لێکۆڵەرەوەکان ئاسان کردووە.

لێژنەیەکی شوێنەواری ئەڵمانی توانی پاشماوەکانی خانووی ئەکیتۆ (خانووی ئاهەنگ گێڕانی ساڵی نوێ) لە ناوچەی وەرکا بدۆزێتەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەبوو (با)

توانیبووی ئـەو خـۆڵ و قومـەی کـە بـە درێـژایی چـاخەکان لەسـەری نیشـتبوو لای بـدات، ئـەم پەرسـتگایەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی (نـەبو خەزنەسەر).

کـاری چـالاکیەکانی مـرۆڤ لـە چـالاکیەکانی سروشـت کـەمتر نییـە لـە میـانی ئاشـکرا کردنـی شـوێنەوار هـەر لـە چـەرخە کۆنەکانـەوە، جووتیـار بـە بـەکارهێنانی هەوجاڕەکـەی بـۆ کـێلان توانیویـەتی شـوێنەوار ئاشـکرا بکـات، لەچـاخە نوێیـەکانیش ئـامێری کـێلان بـە شـێوەیەکی فـراوان بـەکار هێنـراوەو ئەمـەش رادەی ئاشـکراکردنی شـوێنەواری فـراوانتر کـردووە. لـەو کاتانـەی کـە مـرۆڤ ویسـتوویەتی خشـت دروسـت بکـا یـا بـیر هەڵبکـەنێت یـا (گـۆڕ) لێبـدات، زەوی هەڵدەکـەنێت لـەو کاتـەدا تووشـی دۆزینەوەی کەل وپەلی شوێنەواری دەبێت.

هەر لەو میانەدا هەندێك كرێكاری عیراقی لە ساڵی ١٩٦١ لە نزیك كارگەی چنین لە (كازمیە) كە دەیانویست خشت دروست بكەن، پەیكەرێكیان دۆزییەوە كە لە مەرمەڕ (رخام) دروست كرابوو مێژووی ئەم پەیكەرە بۆ سەردەمی سلۆقیەكان دەگەڕایەوە. هەروەها (ملوان) كۆمەڵێك كەرەستەی (عاج) ی بەهاداری لە ناو بیرێكی ناو كۆشكێك لە باكووری رۆژئاوای (نەمرود) دۆزیەوە.



ئیش وكاری راوچییەكانی (ماسی) یش هەر هەمان ئەنجامی هەیە، ئەمانەش لە كاتی تۆڕ هەڵكێشانەومیان (لەناو دەریا ورووبار) دا هەندێك كەل وپەلی شوێنەواری كۆنی ناخی لێواری رووبارەكان ئاشكرا دەكەن. پاشان ئەمە پەرەی پێدراو (ڕاوی شوێنەوار) بە شێوەیەكی رێك وپێك پەیدابوو، لەم كارمیاندا بۆ ناو ناو

شـــۆردەبوونەوە بـــۆ گـــەڕان بـــە دوای شـــوێنەوارە داپۆشـــراوەكانی نـــاخی ئاوەكـــانو لێوارەكـــانی دەریـــا. بـــەم شـــێوەیە شـــوێنەوارێكی زۆری (نیـــونی ومایســـینیو ئـــەغریقی) لـــە قـــولایی دەریـــای ناوەڕاســـتو ناوچـــەكانی نزیـــك لێـــواری شـــارەكانی (كریتیو یونانیەكان) دۆزرایەوە.

-ژیـــانی هاوچـــەرخی نـــوێ پێویســـتی بـــە چـــەندان خزمـــەتگوزاری گشـــتی جۆراوجـــۆر هەیـــە، وەك كردنـــەوەی ڕێگـــاو دامەزرانـــدنی هێڵـــی ئاســـنی وبنیاتنـــانی تـــانكی وكۆگـــای ئـــاوو هەڵكەنـــدنی خـــاك بـــۆ درێژكردنـــەوەی تێلـــەكانی تەلـــەفۆنو كارەبـــاو بۆرییـــەكانی ئـــاو وناوەڕۆكـــان وگـــاز. ئـــەم ئـــیش وكـــارە بنیاتنەرانـــە زۆر جـــار دەبنـــە هۆیـــەك بـــۆ دۆزینـــەوەو ئاشـــكرا كردنـــی جێنیشـــگەی (مســـتوگنات) شـــوێنەواری كـــۆن. لێـــرەدا پێویســـتە ســـوود لـــە شـــارەزایی(خـــبرە)شـــارەزاو پســـپۆڕەكانی

ئـەم لایەنـە وەربگیرێـت بـەر لـە هەڵکەنـدن ولـە کـاتی هەڵکەندنـدا (حفـر). هـەروەك لـە (تـل محمـد) لـە شـاری (بغـداد) رووی دا، لـە کـاتی دامەزرانـدنی هێڵـی ئاسـنین، چـەند شـوێنەوارێك دۆزرانـەوە کـە مێژووەکـەیان دەگەڕایـەوە بـۆ سەردەمی (بابلی کۆن)ی سەردەمی (کاشیەکان).

هـەروەها لـە نـاوەوەی (تـل حرمـل) لـەو کاتـەی خـاوەن زەوییـەك دەیویسـت زەوییەکـەی خـۆی بفرۆشـێت بـۆ ئـەو مەبەسـتەی خـانووی لەسـەر دروسـت بکـرێ، بـەر لـەوەی بیفرۆشـێت دەزگـای شـوێنەوار هەڵسـا چـەند قـۆرتێکی هەڵکەنـد بـۆ تاقیکردنـەوەی شـوێنەکە لـەو کاتـەدا چـەند نیشـانەیەك بەرچـاو کـەوتو گرنگـی شـوێنەواری گردەکـەی چەسـپاند، پاشـان کۆڵینکـاری بـەردەوام بوو لە دواییشدا ئەنجامەکان بڵاوکرانەوە.

- شەڕ بەلایەنێکی تێکدەر دەژمێردرێت و یەکێکە لە چالاکیەکانی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێکدانە بەشداری لە ئاشکرا کردنی هەندێک شوێنەوار دەکات، ئەویش لە کاتی هەڵکەندنی سەنگەرو دروست کردنی هۆیەکانی بەرگری.هەروەك، لە کاتی هەڵکەندنی سەنگەرەکانی نزیك وێستگەی نەوتی H3، چەند دەقێکی نووسین دۆزرانەوە، کە بە نووسینی سەفەوی (صفوی) لەسەر چەند (لوح)ێك نووسرابوون ، هەروەها لە کاتی هەڵکەندنی چەند سەنگەرێکی سەربازی لە ناوچەی (باناهلك) لە دەشتی ڕەواندوز گرنگترین شوێنەوارەکانی (دور حلف) دۆزرانەوە.

زۆر جـــاريش سەرچـــاوە مێژوويـيـــەكانو پــەرتووك ونووســراوە ئاينييــەكان، يارمــەتى لێكۆڵـــەرەوەكان دەدەن بـــۆ دۆزينـــــەوەى شـــوێنەوارى گـــرنگ، لەبـــەر ئـــەوە زۆر جــار لێكۆڵــەرەوەى شــوێنەوار پــەنا دەباتــە بــەر تێبينييـــە نووســـراوەكانى مێژوونووســـانو گەڕۆكــە كۆنــەكان كــە پێشــتر ســەردانى ئــەو ناوچانەيان كردووە يان بيستوويانە.

- هـــەروەك لاى (شـــليمان) رووى دا، كاتـــێ ويســتى لــە (تــەڕوادەو مايســناى) بكۆڵێتــەوە پـــەناى بـــردە بـــەر زانيارييـــەكانى لـــە (ئـــەليادەو نوديســـە)دا هـــەبوو لەگـــەڵ نووســـينەكانى (پوســـنياس)ى مێـــژوونووس، ئەمــەش بــووە هــۆى ســەركەوتنى (شــليمان) لــە دۆزينــەوەى (نــۆ) شــار كــە بــە درێــژايى مێـــژووى كـــۆن بەســـەر يەكـــدا دروســـت

کرابـووون وخـاپوور ببـون لـە (حصـارلك) لـە ئاسـیای بچـووك. (حصـارلك) یش نـاوی نـوێی تەرِوادمیە (گروادە).

- زۆر جـــاریش بلاّوکردنـــەوەی ئـــەنجامی دۆزینـــەوەو کۆڵێنکـاری بـە دوای شـوێنەوار، هـانی لێکوڵـــەرەوەکان دەدات بـــۆ دۆزینـــەوەی تـــر. هـــــەروەك بلاّوکردنـــــەوەی ئـــــەنجامی لێکۆڵینـەوەکانی لـە سـەر نیگـارە هونەرییـەکانی ئەشـــکەوتەکانی فەرەنســـاو ئەســـپانیا کرابـــوون پاڵنـــەرێك بـــوون بـــۆ لێکۆڵینـــەوە لەســـەر نیگارەکانی تر لە ئەوروپاو ئەفریقیا.

-هەنـدێك جـار نـاوی شـوێنێك کـە لـە لایـەن دانیشـــتوان نـــاوی لێنـــراوە یـــان لـــە چـیرۆكو رۆمانـــدا هەیـــەو دەگێرِدرێتـــەوە رووناکییـــەك دەخاتـە سـەر گرنگـی شـوێنەواریی ئـەم شـوێنە. وەك نـاوی (تـل الصـوان)ی نزیـك شـاری (سـامرا)و

مانای بوونی ئامێری بەردینی لە بەردە هەسان (صوان) دروست کراو دەبەخشێت، ناوی شوێنەکە دەزگای گشتی شوێنەواری عێراقی هاندا لەم شوێنە بکۆڵدرێتەوە وکەل و پەلی بەردینی زۆری تێدا دۆزرایەوە.

۲-چۆنیەتی دۆزینەوە



دۆزینەوەو گەڕان وئاشکراکردنی شوێنەوار بەو شێوەیە دەبێت کە پسپۆران پشکنینێکی وردی شوێنەوارەکان دەکەن و پێویستە بست بە بستی ئەو ناوچەیەش بە پێ، واتە ڕۆیشتن بپشکنرێ بۆ ئەوەی شوێنەوارەکان بەردەست و چاو بکەوێت و پارچەو پڕپوچی شوێنەواری بچووک کۆبکرێنەوە.

ئـەم پشـكنینە یەكـەم هـەنگاوە بـەر لـە دانـانی پلانێكـی گشـتی بـۆ هەڵكەنـدن ، مەبەسـتیش ئەوەیـە كـە بتـوانرێ رادەی گرنگـیو سروشـتو شـوێنی شـوێنەوارەكە دیـار بكرێـت بـۆ هەڵبـژاردنی چـاكترینو بەبەرهـەمترین شـوێن، لـە هـەمان كاتیشـدا كـەمترین برەپـارەی (كلفـە) تـێ بچێت.

بـە سـوودترین پشـكنین بـەم شـێوەیە دەبێـت كـەوا پێویسـتە دەسـتەی پشـكنین بـۆ چـەند كۆمـەڵێك دابـەش بكرێـت، هـەر كۆمـەڵێك لـە ٢-٣ ئەنـدام پێـك بێـت. هـەر كۆمـەڵێكیش لێپرسـراویەتی پشـكنینی ناوچـەیەكی دیـاریكراوی بخرێتـە ئەسـتۆ سـنوورەكانیش لـە سـەر نەخشـەیەكی تایبـەتی دیـار بكرێـت كـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە دادەنرێـت. پێویسـتە سـەرۆكی (دەسـتە)ی پشـكنین (مۆڵـەت) لـە خـاوەنی ئـەو

زەویە وەربگرێت کە دەخرێتە ژێر پشکنینو پشکێنەرەکانیش ئاگادار دەکرێنەوە کە زیان بە کێلگەو مولکی سەر زەویەکە نەگەیەنو پەیوەندییەکی باش لەگەڵ خەڵکی گوندەکان دروست بکەن وگرنگی بەو کەلو پەلە شوێنەوارییانەی لەلایەن خۆیانەوە دەدۆزێتەوە لە رووی تۆمار کردنیانو وەسف کردنو وێنە گرتنیان.

سەبارەت بە ئامێرو کەلو پەلە پێویستەکانی پشکێنەر لەم هەنگاوەدا دەبێت ژمارەیان کەم وسووك بن، بۆ ئەوەی لە جانتایەکی بچووك بە ئاسانی بە پشت هەڵبگیرێت وەك (بۆصەلە - بۆ زانینی رێرەوی سروشتیو شریتی پێوانی ئەندازەیی وبێلێکی بچووك بۆ هەلکۆڵینی خێرا وئامێری وێنە کێشانو فلچەیەکی بچووك بۆ پاککردنەوەو

چەند کیسەیەك بۆ لەناو دانانو کۆکردنەوەی پارچەو پرووپووچە شوێنەوارییەکان، هەروەها هەندێك کەرەستەی پێویست، جگە لە کەل وپەلو ئامێری تر بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ناوچەیی) ئەگەر پێویست بوو.

لێرەدا ئەرکی پشکێنەر بە کۆکردنەوەی پارچەو پرووپووچی شوێنەواری تەواو نابێت، بەڵکو پێویستە هەموو زانیارییەکی پێویست سەبارەت بە ناوچە شوێنەوارییەکان تۆمار بکات لە کاتی پشکنیندا وەك ناوی شوێنەکەو هەڵکەوتنی جوگرافی. دەتوانرێت هەر جۆرە رێگایەك بەکار بێت بۆ دیارکردنی شوێنی ناوچە شوێنەوارییەکە وەك ئەوەی گردێك بێت لە خۆڵ کە کەل وپەلی شوێنەواری لەسەریدا یان لە ناخی زەوییەکە بێت، یان جێماوی

شارێکی بچووک یان پەیکەرێک یان گۆڕستانێک یان ئەشکەوتێک لەلایەک بێت. هەندێک جاریش ناوچەیەکی شوێنەواری دەکەوێتە شوێنێکی لاچەپ لە رێگای هاتووچۆی سەرەکیو ناتوانرێت پێی بگەین تەنها بە هۆی بەلەم یان بە هۆی سواری ئاژەڵ (ئەسپ وکەر).زۆر پێویستە پشکێنەر هێما بۆ نزیکترین سەرچاوەی ئاوی پاک بکات بۆ بەکار هێنانی لە لایەن دەستەی پشکنین.



نەخشە زۆر پێویستە بۆ زانینی شوێنەکەو زانینی ئەو رێگایانەی کە بە ناوچەکانو گوندو رووبارو زۆنگاوو چیاو دەریاچەکانی ناوچە شوێنەوارییەکانی تری دەبەستێتەوە. چاکتر وایە ئەم رووکارە سروشتیانە زۆر بە وردیو بە درێژی لەسەر رێژمیەکی بچووک وێنە بکرێت وەك ٢٠٠/١ . وە دەتوانرێت نەخشەکانی

فەرمانگەی شوێنەوار یان نەخشە جیۆلۆجیو نەخشەکانی چاککردنی کشتوکاڵ بەکار بهێنرێت.

لێرەدا هەندێك كاروباری تر هەن كە پێویستە پشكێنەر باسی لێوە بكات، وەك بەرزی ناوچەكە بەرامبەر بە ئاستی دەشتاییەكانی دەوروبەری، هەروەها درێژی وپانیو بەرزی لە روو ئاستی رووی دەریا، ئەمەش بە هۆی بەكار هێنانی نەخشە تۆبۆگرافیەكانو ئامێری تۆماركردنی بەرزی دەزانرێت . لەوانەش باری ناوچەكە ئەگەر بێتو سروشتی بێت، یان دوچاری تێكدانو رووخان یان دزی هاتبێت. یاخود دیار كردنی جۆری خۆڵی ناوچەكە لە رووی بە هێزیو رەقیو نەرمی ئەمەش بۆ دیاركردنیو هەڵبژاردنی ئامێری گونجاولە لایەن دەستەی شوێنەوار بۆ پشكنین.

هـــــــەروەها دیــــــــارکردنی پاشمــــــاوە شـــــوێنەوارییەکانی دیـــــار وەك کـــــەلاوەی خانووەکـــانو وێنـــەی کێشـــراوی ســـەر دیـــواری نەشـــکەوتەکانو گۆڕســـتانو پارچـــە پڕوپوچـــی بچـــووك کـــە لـــە ســـەر رووی ناوچـــەکە یـــان دەوروبـــەری یـــان لـــە قۆرتـــەکانی تاقیکردنـــەوەدا دەدۆزرێنەوە.

هـــــەروەها پێویســـــتە نـــــەو پـــــەڕتووكو نووســـینانەی پەیوەنـــدیان بـــەو ناوچـــەیەوە هەیـــە کـە لـە ژێـر نەخشـەی کێشراوی پشکنینەوە هەیـە بـــاس بکرێـــت. لـــە رووی مێـــژوویی و جـــوگراف وجیۆلۆجی و مرۆیی.

هــەروەها پێویســتی بــە خشــتەیەك هەیــە بــۆ تۆمــار کردنــی کــەل وپەلــە دۆزراوەکــان ،هــەروەها راگەیانـــدنێك بـــۆ پشـــکنینی زێـــدەتر یـــاخود دەســـتکردن بـــە پشـــکنین، دوایـــی هەمووشـــیان

دیـــاركردن و ئاشـــكراكردن و راگەیانـــدنی گرنگـــی ناوچـــەكە ئەمـــەش دوای پشـــكنینی شـــوێنەواره دۆزراوەكان دەزانرێت.

## پشكنینی شوێنەوارناسی

### ١-ئامانجەكانی:

دوای تـــەواو بـــوونی پشـــكنینی ناوچـــه شـــوێنەواریيەكان هـــەنگاوی هەڵبـــژاردنی ناوچـــەیەك یـــان چـــەند ناوچـــەیەكی دیـــاركراو دەســـت پێـــدەكات بـــۆ هـــەڵكۆڵین، ئـــەم هەڵبژاردنـــەش نیـــازو مەبەســـتی گەڕانەكـــه دیـــاری دەكـــات و مەبەســـت و ئامانجـــەكانیش ئەمانـــەن بـــه كورتی.

أ- بۆ بەدیار خستنی رووكارێكی شارستانی

ئەگـــەر مەبەســـت لـــە گـــەڕان بـــەدیار خســـتنی ڕووکـــارێکی شارســـتانی بـــوو، ئـــەوا باشـــتر وایــە شــوێنێکی گــەورەو بــەرز هەڵبــبــژێردرێت بــە مــەرجێك هــەلی بــوونی چــەند چــینێکی یــەك بــە دوای یــەکی نیشــتەجێ بــوونی تیــا بێــت، ئەمــەش گەشــەی شارســتانییەتەکانمان بــۆ ئاســانترو ڕوونــتر دەکاتــەوە،وەك(تەپــە کــورا )و ( تـــل الاربجیـــە)و (ئەریدۆ).



ب- بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتێکی دیارکراو:

گــەڕان ئــەنجام دەدرێــت ئەگــەر گیروگرفتێکــی شـــوێنەواری هـــەبوو پێویســـتی بـــە چارەســـەر هــەبوو بــۆ پڕکردنــەوەی بۆشــاییەکی مێــژوویی شــوێنەواری، یــان بــۆ بەدەســت خســتنی زانیــاری نـــوێتر ســـەبارەت بـــە چـــاخێکی نادیـــار، یـــان دڵنیـــابوون لـــە قۆناغێـــك لـــە قۆناغـــەکان، لێـــرەدا

باشــتر وایــە هــەڵکۆڵین لــە چــەند شــوێنێکدا بکرێـت بـۆ جیـاوازی پێکردنـی شـوێنەوارەکان بـە شـوێنەوارەکانی چـاخی پێشـووو داهاتوو،لـە سـالی ١٩٤٢ دەزگــای گشــتی شــوێنەوار ناوچــەی(تــل حســونە)ی هەڵبــژارد بــۆ چارەســەر کردنــی گیروگرفتــی شـوێنەواری کـە لـە چـینی یەکـەمی (نەینـەوا)دا هـەبوو، ئەنجامەکـەش بـەوە گەیشـت شارســــتانییەتێکی نــــوێ دۆزرایــــەوە بــــە شارستانییەتی (حسونە) ناسرا.



ج – بــــۆ روونکردنــــەوەی گیروگرفتــــە نادیارەکان

هەنــــدێك جــــار هــــەڵکۆڵین ئــــەنجام دەدرێــــت بــــۆ روونکردنــــەوەی هەنــــدێك لــــەو رووداوانــــەی لــــە دەقــــە نووســــراوەکاندا هــــاتووە،

وەك ئـــەوەی نـــاوی پەرســـتگای خـــوای (ئـــەنلیل‌و ژنەكـــەی نـــەنلیل) لـــە ســـەر پارچـــە قورێـــك نووســـرابوو كـــە لـــە شـــاری( نفـــر) دۆزرابـــووەوە، لەبـــەر ئـــەوە لـــەم شـــوێنەدا هـــەڵكۆڵین بـــەردەوامی پێـــدرا بـــۆ بەدیارخســـتنی ئـــەو پەرســـتگایە، كـــە لـــە ئەنجامـــــدا پەرســـــتگاكەو چـــــەند پەرســـــتگایەكی تریش دۆزرایەوە.



د - بۆ رزگار كردنی شوێنەوار

گـــــەڕان بـــــەدوای شـــــوێنەوار ئـــــەنجام دەدرێـــــت بـــــۆ مەبەســـــتی رزگـــــار كردنـــــی ئـــــەو شـوێنەوارانەی دوچـاری دزیـن‌و رووخـان دەبـن لـە ئـــەنجامی كردنـــەوەی رێگـــاو دروســـت كردنـــی خـانوو، یـان ژێرئـاو كـەوتنی ناوچـەكە بـە هـۆی

دروســـــت کردنـــــی پرۆژەکـــــانی ئـــــاودێری‌و بەنداوەکان.

زۆربـــەی ئـــەو پشـــکنینانەی لـــە کۆتاییـــەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم‌و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم لـە (نینـوی)و (خرسـاباد)و(بابـل) کـە بـە رێگـا کۆنـــەکان ئـــەنجام درابـــوون بـــە شـــێوەی رێکـــەوت کرابـــوون لـــەو کاتـــەی پشـــکێنەرەکان دڵنیـــا ببـــون لـــەوەی کـــە ناوچـــەکە شـــوێنەواری تیایـــە، بـــەڵام ئـەو گەڕانانـەی کـە دەزگـای گشـتی شـوێنەوار لـە (تـل حرمـل) پێـی هەڵسـا بـۆ مەبەسـتی رزگـار کردنی‌شـوێنەوارەکان بـوو کـە بڕیـار بـوو خـانووی لەسـەر دروسـت بکرێـت، ئـەنجامیش بـەوە گەیشـت کـە چـەند خشـتێکی نووسـراوی گـرنگ دۆزرانـەوە کـە دەربـارەی بیرکـاری‌و یاسـا نووسـینیان لەسـەر هـەلکۆڵرابوو، هـەروەها دەزگـای گشـتی شـوێنەوار زۆر بـــە خێرایـــی جووڵایـــەوە بـــۆ رزگـــارکردنی

شوێنەوارەکانی حەوزی (دوکان) بەر لەوەی ژێر ئاو بکەون و ببنە کۆگایەکی گەورەی ئاو، وەك ناوچەی (گردی شمشارە)و (گردی بازمۆسیان)و (گردی کەمەریان)و ( گردی قورە شینە).

هەروەها حکومەتی کۆماری میسرو رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان توانیان شوێنەوارەکانی (نوبە) رزگار بکەن لەکاتێکدا خەریك بوو بە هۆی بەنداوی نوسوان ژێر ئاو بکەون ، هەڵمەتی ئەم رزگار کردنە زۆر سوود بەخش بوو و توانرا ژمارەیەکی زۆر لە شوێنەوارەکان رزگار بکرێن.



ه -- بۆ مەشق پێکردنی قوتابیانی شوێنەوار

هەندێك جاریش هەڵکۆڵین ئەنجام دەدرێت بۆ مەشق پێکردنی قوتابیانی شوێنەوار بۆ

ئــــەوەی شـــــارەزایی پێویســـــت،وەربگــــــرن بـــــۆ مەبەســــتی بــــەڕێوەبردن لــــە داهـــــاتوودا، ئـــــەم مەشـــقەش بەسەرپەرشـــتی ســــەرۆکی دەســــتەی گەڕانەکـــــە ئـــــەنجام دەدرێــــت، سەرپەرشــــتیکار شــــوێنێکی شــــــوێنەواری هەڵدەبـــــژێرێت بــــــە شـوێنێك بچـێت کـە پێشـتر هـەڵکۆڵراوەو زۆربــەی کاتــــەکان لــــە مەشـــــق کـــــردن بەســـــەر دەبـــــەن، و ئەگــــەر شــوێنێکی وا دەســــت نەکــەوت ، دەکرێــــت شـوێنێکی دەسـتکرد دروسـت بکرێـتو کـەلو پـەلی شـوێنەواری لـەناو دابـەش بکرێـت بـە شـێوەیەکی سـتوونی لـە چـەند چـینێکی یـەك بـە دوای یەکـدا بــە شـێوەیەك زنجـیرەی چـاخەکان نیشـان بـدات، پاشــــان بــــە خـــــۆڵ دادەپۆشــــرێتو پێویستیشــــە قوتابیـــان کـــەلو پەلـــەکان دەر بهێـــنن،و وەســـفیان بکــەن،و وێنــــەیان بکێشــێتو مێـــژووو گرنگییـــە شارســـتانییەتەکەی دیــار بکــەن، چاکتریشــە ئەگــەر

ئـەنجامی لێکۆڵینەوەکـە لـە راپـۆرتێکی تایبـەتی بلاوبکرێتەوە.

## ٢- ئامادەبوون بۆ گەڕان

### أ – هەڵبژاردنی شوێن

پەیوەندییـەکی پتـەو لـەنێوان هەڵبـژاردنی شـوێن‌و مەبەسـت لـە گـەڕان هەیـە، بـە شـێوەیەك دەتوانرێـت بوترێـت ئـەم هەڵبژاردنـە بـە زانینـی مەبەسـتەکە دیـار دەکرێـت، جـا ئەگـەر مەبەسـت زانینـی گرنگـی شارسـتانی شـوێنەکە بـوو ئـەوا پێویسـتە لەسـەر لێکۆڵـەر شـوێنێکی فـراوان‌و نیمچـە بـەرزی گونجـاو هەڵبـژێرێت کـە چـینەکانی نیشـتەجێ بـوونی قۆناغـە مێژووییـەکانی تێـدا بێـت‌و ئەگـەر مەبەسـت چارەسـەر کردنـی گیروگرفتێکـی شـوێنەواری بـوو ئـەوا پێویسـتە لـە چـەند شـوێنێکدا هـەلکۆلین

ئـەنجام بــدرێتو ئەگــەر بــۆ مەبەســتی رزگــار کـردن بـوو ئـەوا دەبێـت شـوێنێك هەڵبـژێردرێت کــە لــە هــەموو شــوێنەکانی تــر مەترســی زیــاتر بێــت بــۆ لەناوچــوون، وە ئەگــەر مەبەســت بــۆ مەشــقی قوتابیــان بــوو، ئــەوا دەبێــت شــوێنێك بێت بە شوێنێك بچێت کە پێشتر هەڵکۆڵراوە.

ب - دابین کردنی بڕی پارەی پێویست بۆ گەڕان:

دوای هەڵبــژاردنی شــوێنی گونجــاو بــۆ گــەڕان نەخشــەیەك دادەنرێــت بــۆ خەمڵانــدنو دیــار کردنــی ئــەو بــڕە پارەیــەی کــە پێویســتە ســەرف بکـرێ، ئـەویش بـۆ مووچـەی ئەنـدامانی دەسـتەی گـەڕانو کرێـی کرێکـارانو بـەهای ئـامێرو کـەلو پــەلو کرێــی گواســتنەوەو بڵاوکراوەکــان، وە باشــترە هــەلکۆڵین زیــاتر لــە وەرزێــك بێــتو لــە وەرزەکــانی بــاران نــەبێت، سەرچــاوەکانی

گـــەڕانیش جـــۆراو جـــۆرە جـــاری وا هەیـــە دامـــەزراوێك یـــان زانکـــۆ یـــانیش ڕێکخراوێکـــی ئـــەهلیو ســـەربەخۆ کـــە خۆیـــان دەبەخشـــن بـــۆ گـەڕان بـەدوای شـوێنەوارە نادیـارو شـارراوەکان لـە پێنـــاو ڕۆشـــنبیرکردنی جـــەماوەرو حـــەزەکانیان زۆر جـاریش گـەران لەلایـەن حکومەتـەوە دەبێـت بـــۆ گرنگـــی دان بـــە کـــەلتووری نەتەوایـــەتیو هانـــدانی گەشـــتو گـــوزار، لەمـــەوە شـــوێنەکانی شـوێنەواری دەبێتـە جێگـای شـانازی پێـوە کـردنو داهـــاتێکی گـــرنگ بـــۆ دەوڵـــەتو گەڕۆکـــە بیانییـــەکان بـــۆ خـــۆی رادەکێشـــێت بـــە هـــۆی ناوبانگە مێژووییەکەی.



ج – دەستەی گەڕان:

دەســتەی گــەڕان پێـك دێـت لـە بەڕێوەبـەرو یاریـدەدەریو ژمارەیـەك لـە سەرپەرشـتیاران بـۆ

چـــاودێری هـــەڵکۆڵینو ســـەرۆکی کرێکـــارانو ژمارەیـــەك لـــە کرێکـــاری لێـــزانو رووپێـــو وێنـەکێشو کیمیـاوی و تۆمـار کـەر، دەکرێـت ئـەم پسـپۆرییانە کـەم بکرێتـەوە بـە تێکـەڵ کردنـی چـەند پسپۆرییەك لـە یەکێکـدا کـە نزیـك بێـت لـە پسـپۆری خـۆی. باشـترە ئەگـەر کارەکـان دابـەش بکرێـــتو چـــەند قوتابییـــەکی زانکـــۆ بەشـــی شـــوێنەوارو بـــۆ مەشـــق کـــردن هاریکـــاری ئـــەم کەسانە بکەن.



یەکەم/ بەڕێوەبەر:

ســـەرۆکی دەســـتەی گەڕانـــەو لێپرســـراوی یەکـەمی هـەموو ئـیشو کارەکانـە، لەبـەر ئـەوەی بەڕێوەبـــەر رۆڵو شـــوێنێکی گرنگـــی هەیـــە، پێویســـتە توانایـــەکی زۆری هـەبێت لـە گـەڕانو کـــارکردن لـــە یـــەك کاتدا،هـــەروەها دەبێـــت

شـــارەزایی تـــەواوی لەســـەر هـــەموو لایەنـــەکان هـــەبێت کـــە پەیوەنـــدی بـــە ئیشـــەکەوە هەیـــە بـــۆ ئـــەوەی بتوانێـــت بەرامبـــەر هـــەموو ئـــەو گیروگرفتانـــە بوەســـتێت کـــە دێتـــە بـــەردەمیان لـــە کاتی ئیش کردندا.

بەڕێوەبـــەر لێپرســـراوی تۆمارەکـــانی گەڕانـــە، ئـەو دەبێـت لـە هـەر کەسێکی تـر زیـاتر شـارەزایی دەربـارەی ئـەو تۆمارانـە بزانێـت، ئەمـەش بـە چاوخشـاندنی بـەردەوام بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئەرکـەکانی دەســـتەی گـــەڕانی تایبـــەت بـــە تۆمـارکردن، هـەروەها بەڕێوەبـەر لێپرسـراوە لـە پلانـی هـەلکۆلینو بـەردەوام بـوون لـە ئـیش، پێویســـتە توانایـــەکی بـــەڕێوەبردنی تـــەواوی هـــەبێت بـــۆ ئـــەوەی بتوانێـــت پلانـــەکانو فەرمانـەکانی خـۆی بسـەپێنێت، وە لەبـەر ئـەوەی بەڕێوەبـەر لێپرسـراوی راپـۆرتی گشـتییە، دەبێـت

تێبینییــەكانی زۆر وورد بێــت چــونكە وردبــوون سـیفەتێكە لـە سـیفەتی لێكۆڵـەرەكان كـە یەكێكـە لـــە پێداویســـتییەكانی رۆشـــنبیری شـــوێنەواری نوێ.

ئـــــەوەی زۆر گرنگـــــە لـــــە كەســـــایەتی بەڕێوەبــەردا هــەبێت توانســتەكانی بەڕێوەبــەرە بــۆ تێگەیشـتنی ئـەو گیروگرفتانـەی سـەبارەت بـە یــەك بــەدوای یــەك هــاتنی چــینەكانو زەمەنــە مێژووییەكانـــەو بتوانێـــت هـــەموو بەلگـــە جۆراوجـــۆرە شـــوێنەوارییەكان بـــە یـــەكتر ببەسـتێتەوە، كـە لـەكاتی هەلكۆلینـدا تێبینـی دەكرێـــت، بـــۆ ئامـــادەكردنی راپـــۆرتی ئـــیش لـــە كاتی گونجاودا.

پێویسـتە بەڕێوەبـەر گەڕانـەكانی خـۆی زێـتر بكـات لـە نێـو شـوێنەكانی هەلكۆلینـدا بـۆ ئـەوەی رێنمـایی بـەردەوام بداتـە كاركـەرانو ئاگـاداری

پلانەکانو هەڵکۆڵینو ئیشو کاری وێنەکردنو وێنە کێشانو رووپێوو جیاکاری کردنی کەلو پەلە دۆزراوەکان بکات بە بەردەوامی، پەیوەندی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ ئەندامانی دەستە، ئەمەش وا دەکات کە هەموو ئەندامەکان هەست بە گرنگی رۆڵی خۆیان بکەن لە پێش کەوتنی گەڕانەکە، پێویستیشە هەڵسو کەوتی بەڕێوەبەر چاك بێتو هاوکارییەکی تەواو هەبێت لە نێوان هەمووواندا.



دووەم / یاریدەدەری بەڕێوەبەر:

دەبێت شارەزاو پسپۆری شوێنەوار بێتو بە لێپرسراوی دووەم دادەنرێت دوای بەڕێوەبەر ئەگەر بەڕێوەبەر ئامادە نەبوو، ئیشو کارەکانیشی، ئامادەکردنی شوێنی گەڕانەکەیەو

کرینـــی ئـــامێرو کـــەل‌و پـــەلی پێویســـت کـــە بەڕێوەبـــەر بڕیـــاری لەســـەر دەدات هـــەروەها کڕینـــــی خزمەتگوزارییـــــەکانی فریاکـــــەوتنی ســـەرەتاییو ڕێکخســـتنی ژمێریـــاریو کـــڕینو سـەرف کردنـی کرێـی کرێکـاران لـە کۆتـایی هـەر هەفتەیەك.

سێیەم / سەرپەرشتیار:

چـاکترە ئەگـەر لـە قوتابیـانی پێشـکەوتووی خوێنـدنی بـاڵای زانکـۆ بێـتو شـارەزایی هـەبێتو بەشـــداریی کردبێـــت لـــە کـــاری هـــەڵکۆڵین. ئەرکـــەکانی سەرپەرشـــتی کردنـــی یەکـــەکانی گـــەڕانو چـــاودێری کردنـــی ئـــیشو کارەکـــانی هـــەلکۆڵینو تۆمـــار کردنـــی تێبینییـــەکانو دڵنیـابوون لـە پاراسـتنی کـەل‌و پەلـە دۆزراوەکانـە لـەناو سـەندووقو کیسـە تایبەتیـەکان بـە پێـی

چـــــينەكان، وردیو ســــــەركەوتنی گەڕانەكـــــە دەگەڕێتـــــــەوە بـــــــۆ وردیو ســــــــەركەوتنی سەرپەرشتياران.

چوارەم / تۆماركار

تۆمـــــاركردنی كـــــەلو پەلـــــە شـــــوێنەوارییە دۆزراوەكـــان دەگرێتـــە ئەســتۆ، لـــەو كاتانـــەی كـــەلو پەلـــە دۆزراوەكـــــان پێويســــتی بـــــە چارەســــــەری تايبـــــەتی مەيـــــدانی ناكــــــات دەخرێنــــــە نــــــاو ســــــەندووقێكو لــــــە كاغەزێكــــدا نـــــاوی شــــوێنو ژمـــارەی يەكـــەی هـــەلكۆلينو ژمـــارەی چـــينی زەوی دەنووســــــــــرێتو بـــــــــە ســـــــــــەندووقەكەوە دەلكێنرێــت.چــاكترە ئەگـــەر كۆپييـــەكی تـــر لـــەناو ســـندووقەكە دابنرێـــت لەبـــەر ون بـــوونی ئـــەوەی دەرەوە. كــــــە ئيشـــــی ئــــــەو رۆژە تـــــەواو بــــــوو ســـەندووقەكان دەگوازرێنـــەوە بـــۆ تاقيگـــەو لـــەوێ

٨٥

کەل‌و پەلەکان ژمارە بۆ حوبر دەکرێن‌و پاشان بە شریتی ئاوی دادەپۆشرێت‌و پاك دەکرێنەوەو لە چەند بلیتێك تۆمار دەکرێن‌و لەناو سندووق دادەنرێن‌و دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی دیارکراو.

پێنجەم / رووپێو:

رووپێو نەخشەی بەرزی‌و نزمییە یەکسانەکان دەکێشێت‌و نەخشەسازی بینایەو وێنەی پارچەکان بە ووردی دادەڕێژێت بە گوێرەی پێوەر راگرتنی یەك بە دوای یەك داهاتنی چینەکان.

شەشەم / وێنە کێش:

یەکێك لە گرنگترین خاڵەکانی لێهاتوویی وێنەکێش ئەوەیە دەبێت توانای وێنەگرتنی هەبێت لە هەموو پلە رووناکییەکانداو بتوانێت

هـــەموو رەنگـــەکان روون بکاتـــەوە، هـــەروەها دەبێت زۆر وریاو خێرا بێت لە ئیش کردندا بۆ ئـەوەی بتوانێـت بــە پەلــە وێنــەی چــینەکانو کــەڵو پەلــە دۆزراوەکــان بکێشــێت.هــەروەها دەبێـت بزانێـتو تێبگــات کــە لــە چ بارێــكو وێنــەی کـوێو چـی دەگرێـت.وە دەبێـت لەگـەڵ ســەرۆکی دەســتەی گــەڕان رێــك بکــەون بــۆ دیارکردنی چاکترین بار بۆ وێنەکێشان.



حەوتەم / شێوەکار:

گـرنگترین ئیشــەکانی نیگـارکێش وێنەکێشـانی خشـــتە دۆزراوەکانـــە کـــە شـــوێنەوارەکان روون دەکاتــەوە ئەگــەر بینــا بێــت یــاخود پارچــەی گـەورە یـان بچـووك بـۆ ئـەوەی ئامـادە بکرێـت بـۆ چـــاپو بڵاوکردنــــەوە لــــە راپــــۆرتی گشــــتی هەڵکۆڵینەکــە، نیگــارکێش ئیشــەکانی جــۆراو

جۆرن و دەبێت زیاتر لە یەك شێوەكار بەكار بهێنرێت بۆ ئەوەی هەر یەكەیان لە بوارێكدا كار بكەن.

هەشتەم / كیمیاگەر:

تاقیگەیەكی كیمیاوی زۆر گرنگەو دەبێت لە شوێنی هەڵكۆڵیندا هەبێت بۆ ئەوەی دوای دۆزینەوە چارەسەری هەندێك لەو كەل و پەلە شوێنەوارییانە بكات كە لە بارێكی خراپ دان وەك چارەسەركردنی دراوە نادیارەكانو هەوڵدان بۆ بەدیارخستنی نووسینو وێنەكانی كە لەسەری كێشراونو لەلایەن سەرۆكی دەستە ئاشكرا بێت بۆ بەدواداچوون.

نۆیەم / کرێکارەکان:

پێویستە کرێکار رێگای بەکارهێنانی ئامێرەکانی هەڵکۆڵین بزانن هەر چەندە ئەو ئامێرانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە، جا لێرەدا پێویستە مێشكو ماسوولکەکانییان بەکار بهێنن، کرێکار لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتدا بە میرات فێری ئیشی هەلکۆڵین بوون، بەڵام قوتابیانی بەشی شوێنەوار مەشق کردنیان پێویستی بە کاتێکی زۆر نییەو بە خێرایی دەگەنە ئەنجامێکی چاك.



گرنگترین خاڵی هەلکۆڵین لەوەدایە کە دەبێت کرێکارەکان زۆر لێهاتووو زانا بن لە کارە تایبەتییەکانییان، وە بەبێ ئەم لێهاتووییە هەموو هەوڵو خەرجییەکان مایەپوچ دەبێت.

پێویستە کرێکارەکان لە کاتی ئیش کردندا لەیەك شوێندا کۆ نەبنەوە.

ئامێرەکانی هەڵکۆڵین:

دوای دامەزراندنی دەستەی هەڵکۆڵین‌و گەڕان، دەست دەکرێت بە ئامادەکردنی کەل‌و پەلەکانی هەڵکۆڵین، کە کۆمەڵێکی زۆر لە ئامێری جیاواز دەگرێتەوە، بڕی پارەی خەرج‌و سروشتی شوێنەکەو ڕێگاکانی هەڵکوڵین‌و گواستنەوەو کۆگا کردن، جۆرو ژمارەی ئامێرەکان دیار دەکات. چاکترە ئەگەر تازەترین‌و نوێترین ئامێر بەکار بهێنرێت. ئەو ئامێرانەی کە لێرەدا باسی دەکەین گرنگەکان‌و زۆربەی ئەوانەن کە بە زۆری بەکار دێن لەلایەن دەستەکانی گەڕان لە جیهاندا.

١- خاكەناس

ئامێرێكە بۆ هەلكۆڵین و گواستنەوەی خۆڵ و رێكخستنی دیواری قۆرتەكان هەلكۆڵینی قۆرتەكانی تاقیكردنەوە بەكار دێت.

٢- قازمەی جیۆلۆجی

چاكتر وایە لەو شوێنانەی كە خۆڵەكەی رەقە یان شاخاوییە، جۆرە تیژو قورسەكەی بەكار بێت، چونكە لە شوێنەكانی تر زیان بە كەل و پەلە شوێنەوارییەكان دەبەخشێت.

٣- ماڵنج

چاكترە ئەگەر جۆرە بچوكەكەی بەكار بێت بۆ دەرهێنانی شوێنەوارە وردەكان و بۆ راستكردنەوەی رووی دیوارەكان و لابردنی

تۆپەڵــە خۆڵــەکان لەســەر پەیکــەرو بینایــەکانو پارچە شوێنەوارییە بچووکەکان.

٤- لوولەی نموونە کۆڵ:

پێــك دێــت لــە لوولەیــەکی کــانزایی تیرەکــەی لــە نێــوان دوو گــرێ یــان چــوار گــرێ دەبێــت، کۆتاییەکـــەی لای پێشـــەوەی تیـــژەو بەشـــێکی کــەمی تەنیشــتی بــە شووشــە داپۆشــراوە، بــەکار دێــت بــۆ دەســت خســتنی نموونــەی خــۆڵو زانینــی جۆرەکــانی لــە شــوێنەکانداو بــۆ بینینــی ئــەو شــوێنەوارانەی کــە لــە نێــو شووشــەکەدا بــەدیار دەکــەوێت.ئــەو ئــامێرە بــەهۆی پاڵنــان بــۆ نــاو زەوی بــەکار دێــت بــۆ وەدەســت خســتنی نموونــەی چینە یەك بە دوای یەکەکانی زەوی شوێنە.

٥- قیبلە نامە:

بۆ زانینی ڕێرەو شوێنەکان.

٦- فووتەی ئەندازیاری:

بـــۆ پێـــوان و دیـــارکردنی ماوەکـــان بـــەکار دێت، وەند جۆرێکی هەیە.

٧- دوور بینی ئەندازیاری:

بـــۆ خوێندنـــەوەی ماوەکـــان بـــەکاردێت لـــــەکاتی وێنـــــەکردنی نەخشـــــەکان و دیـــــارکردنی شـــــوێنی کـــــەل و پەلـــــە شوێنەوارییەکان لە ناوەکەدا.



٨- ستوونی ئەندازیاری:

عـــامووديکی ســـتوونی پلـــەداره بـــه رەنگـــیرەش و ســـوورو ســـپی رەنـــگ ڕێـــزو نووســـــراوەتەوە بـــۆ هـــەمان مەبەســـتی سەرەوەو لەگەل یەکدا بەکار دێن.

٩- هەنـــدێك کـــەل و پـــەل و مـــادەی کیمیـــاوی وەك گـــەچ و کـــەتیرەو ئەســـیتۆن و

ترشی کلۆریک‌و نتریک، بۆ چارەسەر کردنی شتە دۆزراوەکان.

١٠- کەل‌و پەلی تر وەك سەرمندو بێژینگ بۆ پشکنینی شتە بچووکە شوێنەوارییەکان، هەروەها گوریس‌و سوومبەی دارو وردبین بۆ بینینی نووسین‌و نەخشەکانی سەر خشت‌و دۆزراوەکان، هەروەها کامیراو پەڕاوگەو چەند سەندووقێکی دارو کیسەو هەندێك پێداویستی وەك فریاگوزاری پزیشکی.

زنجیره چاپکراوەکانی کتێبی گیرفان

١. د. عومەر یاسین جەباری ،

ژیانی مرۆڤ لە روانگەی دەروونزییەوە

٢. د. حسێن ڕسووڵ

پوختەیەکی وردی رستە سازیی کوردی

٣. فوئاد سەدیق

هەتاوی نیوەشەو .

٤. د. نووری تاڵەبانی ،

لە بارەی سیستەمی فیدراڵی .

٥. شێرزاد هەینی ،

مەملەکەتی کە لاوەکان

٦. مەحەمەد سالح عقراوی

پۆلیس و کۆمەڵگەی شارستانی

٧. سابیر ڕشید

چیرۆکی کوردی (رەخنەو لێکۆڵینەوە)

٨. تەقی الدباغ . و. سەباح پیربال

پێشەکییەك دەربارەی شوێنەوارناسی